کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ عێراق

بەشی یەکەم

# هەڵبژاردەیەک

لە نووسینەکانی شەهید

ئارام

کوردستانپۆست

# پێشەکی

دووساڵ لەمەوبەر، لە ١٩٧٨/١/٣١دا، پیشمەرگەی تێکۆشەر و نەبەز و خۆشەویستی گەلەکەمان، هاوڕێ ـ شاسوار جەلال ـ کەلەناو جەماوەری زەحمەتکێشانی میللەتەکاماندا بە هاوڕێ ئارام ناسرابوو، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەمان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک. لە گوندی ـ تەنگیسەر ـ ی ناوچەی قەرەداغ ـ سلێمانی، بەدەستی تاقمێ لە بەکرێگیراوانی فاشیستەکانی رژێمی بەغدا شەهید کرا و دڵی گەورەی سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی گەلەکەمان لەلێدان کەوت وکەلێنێکی گەورە کەوتە ناو ریکخستنی کۆمەڵەماتەوە.. کوژانەوەی مۆمی تەمەنی هاوڕێ ئارام، چرای داگیرساوی بەردەم هاوڕێیانی تری نەکوژاندەوە، بەڵکو هاوڕێیان زیاتر سوور بوونی خۆیان لەسەر خەبات وکۆڵنەدان تیشاندا، هوشیاری و دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان نیشاندا بەوەیکە درێژەیان بەو خەباتەدا کە ئارام لە پێناویا سەری بەرزی بەخشی، لەگەڵ ئەو هەموو زەبر و زەنگ وکەندروهەڵدێرانەشا، توانیان لەسەر هەمان رێباز بڕۆن

و ئاقاری سیاسی هاوری ئارام وون نەکەن .

هاوری ئارام ، هەر لە سەرەتای لاویەتیەوە هاتە ناو مەیدانی کار کردن و چالاکی سیاسیەوە، چ لەناو ریزەکانی قوتابیان ولاواندا، چ لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەر چالاکی ولیهاتوویی خوی بووکە کردیە یەکیک لەئەندامە دیارەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان وئینجا ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی لاوانی کوردستانیش هەتا سالی ١٩٧٤ .
شان بەشانی چالاکی وکاری روژانەی ناو ریکخراوەکانیش، دەیان نوسینی لەگوفار و بلاوکراوەکانی ئەم دوو ریکخراوەدا بلاو کردوتەوە .

هەر لەسەرەتای دروست بوونی کومەلەشەوە ، لەتەک تیکوشەرەکانی تری هاوریدا خەباتی بی ووچانی خوی کردوە .

هاوری ئارام سەرەرای ئەوەی نمونەیەکی بەرزی قوتابی یانی مارکسیزم -لینینیزم بوو، بلاوکەرەوەیەکی ئەو بیروباوەرەش بوو بە زمانیکی سادە وپاراو لەناو جەماوەری زەحتکیشی کوردستاندا و لە ناو روژنامە وگوفارە کوردیەکاندا .....

هاوری ئارام ، بەووردی و بەقولی و بەهوشیاریەکی زورەوە لەمەسەلەی پیویستی بوونی حیزبێکی مارکسی-لینینی گەیشتبوو، ئەو حیزبەی کەدەتوانی بەچاکی بیروباوەرەکانی بەجەماوەری کریکاران وجوتیاران و هەموو رەنجدەرانی تر بگەیەنیت ورابەرایەتی خەباتیان بکات تا سەرکەوتنی تەواو لەدامەزراندنی سوشیالیزم وسەپاندنی دیکتاتوریەتی پرولیتاریا. سەرەرای ئەوەش کەهەر زوو پێتوانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتیش لەدەست برجوازی راست رەو و مامڵەچی و برجوازی بچوکی رارا دەربێنی .

هاوری ئارام ئەگەرچی لەچینی بورجوازی بچوکەوە هاتبوو، بەلام قوتابیەکی دلسوزی مارکسیزمی لینینیزم بوو، هەرگیز بیری لەوە نە دەکردەوە رستەو لاپەرەکانیان لەبەر کاو لەموتاسەباتی جیاجیادا هەر بیانلیت وبیانلیتەوە و هیچ کاتیکیش نەیدەویست و نەیویستووە لە هەستیکی نەتەوەپەرستانەی تەسکەوە بروانێتە ئەو مەسەلەیە. بروای بەوە بووکە مارکسیزم-لینینیزمە زانستێی چینە چەوساوەکانە و روْشن

کەرەوەی رێگای سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی نەتەوایەتیە وبەرزترین فورمیلایە (صیغە) بو ریکخستن وهوشیارکردنەوەی کریکاران وجوتیاران و هەموو رەنجدەراتی تر و خستنە گەریان بەرەو خەباتی سەخت و نەپساوە تا گەبینە دوا پلەی سەرکەوتن ...چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش لای هاوری ئارام، تەنها ئەو روانینە بوو کەلەروانگەی چینایەتی و حیزبی چینی کریکارەوە چارەسەر دەکری کەئەویش مافی چارەنوسە بو گەلی کورد .

هاوری ئارام، کاتیک کەلەناو ریزەکانی کومەلەدا کاری دەکرد، زور بە ووردی و چالاکانە دەیتوانی دەست بخاتە سەر کەموکوریەکانی ریکخستن و سەرنجی هاوریانی بەلای خویا رابکێشی ....

هاوری ئارام، هەمیشە ئەوەی لەبەر چاو بوو کە "تیوری پرنسیپەکان کە تەتبیق کردنیان لەوولاتیکەوە بو وولاتیکی دیکە دەگۆڕێ بە گشتی دەدا" بویە لەهەموو کات وشوینیکا دژی ئەوە بوو کەبیبین و تاقی کردنەوەی حیزبەکان و شورشی گەلانی دنیا بهێنین وکتومت بێ دەسکاری لە وولاتی خۆماندا دووپاتیان کەینەوە .

کاکە ئارام، مەسەلەی پیکهینانی حیزبی پەلاوە زۆر گرنگ بوو، بە کاریکی رێکەوت یان بەشتێکی جادوگەرانەی نەدەزانی، بەلکو بەپێچەوانەوە، بەکاریکی زور سروشتی دەزانی کەریکخراویکی بچوکی تیکەیشتوو لە مارکسیزم ـ لینینیزم بتوانی گەشە بکات و رەگ وریشەی لەناو کارگە و کیلگە و نەقابە و جەمعیاتی جوتیاران و قوتابخانە و هەموو دەزگایەکی دەولەتا داکوتی و بتوانی باشترین و هوشیارترین و پێشکەوتوترین تیکوشەران، ئەوانەی بروای تەواویان بەخەباتی زەحمەتکیشان هەیە لە ژیر ئالای خویدا کوکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو، مەسەلەی بوونی سەرکردایەتی یەکی هوشیار و کارامە و دووربینی پەلاوە گرنگ بوو، ئەو سەرکردایەتی یەی کە دەتوانی ئەو ریکخراوە بەرەو ئاقاری گەشەکردن بەری و بەووردیش بتوانی، هەر پارودوخیک دێتە پێشەوە شی بکاتەوە و زانستیانە لەهەموو رودا وێک بکۆڵێتەوە و ئامانجی دوایی دیاری بکات و خاوەنی بەرنامەیەکی کردەنی (عملی) بیت، هەر وەک لینین دەلی " هیچ بزوتنەوەیەکی شورشگیرانە نابیت، بەبێ بوونی بەرنامەی

شۆرشگێرانەی دامەزراو لەسەر بنچینەی تیۆری . بەرنامەیەک،بنوا-
نی ستراتیژیەتی بزوتنەوەی کرێکاران وجوتیاران وبزوتنەوەی نەتەوا-
یەتی دیاری بکات وئامانجی کۆتایی دەستنیشان بکات وهێلی رێکخستن
و خەباتی ناوجەماوەریش لەرونترین شێوەدا بخاتە روو. هەروەها
خاوەنی رۆژنامەیەکی مەرکەزی بێ کە( بەدەوری بلاوکردنەوەی بیروبا-
وەڕ و هۆشیارکردنەوەی سیاسی وکۆکردنەوەی دۆستە سیاسیەکان هەلسێت
وڕێکخەر و کۆکەرەوەش بێت.) ، جگەلەوەش دەبێ لەئومێدات دەرچێت و
خەباتی نەپساوەی خۆی لەهەموو قۆلێکی ئابوری و سیاسی و تیۆری و نە-
تەوایەتی و... هتد بەرە پێبدات .

هاوڕێ ئارام زۆر جار ئەوەی دەخستەوە یادمان و هەمیشە وریای
دەکردینەوە کە پێویستە حسابێکی وورد و تایبەتی بۆبورژوای بچوکی
کوردستان بکەین . دەیوت :- پێویستە هەلویست ونیروانینی زانستی و
دیاری کراومان بەرامبەر بەچینی بورژوای بچوکی کوردستان هەبێت ،
نابێ دەورێکی گەورە و سەروی تواناى خۆیان بدەینێ،ئەگەر وامان نە
کرد،ئەوا توشی هەلەی گەورە دەبین ، بەتایبەتی کاتێک کەهاوکاری و
دۆستایەتیان دەکەین ، دەبێ زۆر وریا بین ئەگینا خۆیان دەخزێننە
ناو سەرکەردایەتیەوە و لەپاشانیش شۆرش توشی لەری لادان دەکەن و
بەرەو هەلدێری رارایی وسەردانەواندنی دەبەن .

هاوڕێ ئارام ، یەکێک بوولەو هاوڕێیانەی کەزیرەکانە ناکۆکیە-
کانی نیوان زەحمەتکیشانی کوردستان وعێراق وجەماوەری خەلکی
کوردستانی لەگەل رژێمی رەگەزپەرست ودکتاتۆری بەغدای لێک دەدا-
یەوە . چاک ناسینی دوژمن وچاک ناسینی هێزەکانی شۆرشی بەمەرجێکی
بنچینەیی سەرکەوتن دادەنا .

هاوڕێ ئارام ، لەکاتێکا خەباتی کارگەرانی کوردستان وعێراقی
دژی رژێم بەناکۆکی لەنیوان کار وسەرمایە لەقەلەم دەدا، کەخۆی لە
سەرمایەداری دەولەتی وبورژوای بیروکراتی وابەستە بەئیمپریالیزم
دا دەبینیتەوە، لەهەمان کاتیشا بەخەباتی نەتەوایەتی خەلکی کورد-
ستان دەزانی لەپیناوی پاراستنی بوونی نەتەوە و رزگاربوونی لە
چەوسانەوەی نەتەوایەتی بەرپێ ناکۆکی نیوان جەماوەری کوردستان و

عیراق ونیوان رژیمی بەغدای بەناکوکی سەرەکی دادەنا ...

هاوری ئەمر ، جگەلەوەی کەلەمەیدانی تیوری‌یدا هوشیار و ژیربوو، لەمەیدانی پراکتیک وکار و کردەوەشا مروڤیکی بەتوانا و لیهاتوو و شورشگیریکی خوراگربوو، کاتیکیش کەپەلاماری فاشیستەکان ریزەکانی ریکخستنی کومەلەی گرتەوە و دەیان کادری کومەلەمان کەوتنە بەر شالاوی ئەو پەلاماردانە و ریکخستن توشی شکستی بوو، ئا لەو کاتە ناسکەدا، لەگەل بەردەوامیی شالاوی درندانەی فاشیستەکانا ، لەگەل هاوری تیکوشەرەکانی ترا، توانیان ئەو بوشایی‌یە گەورەیە پرکەنەوە کە لەئەنجامی گیران و راونانی هەندی لەکادیرانی کومەلەوە رووی‌دا، توانیان نەک هەر ئەلقەکانی ریکخستن پیکەوە ببەستنەوە، بەلکو توانیان گەشەش بەریکخستنی کومەلە بدەن وزیاتر رەگی لەناو جەماوەری زەحمەتکیشی کوردستانا قول کەنەوە .

هاوری ئارام ، هەمیشە پرنسیپی رەخنە و رەخنەلەخوگرتنی بەرز دەکردەوە و بەدەترسا لەدەست‌خستنە سەر کەموکوریەکانی ریکخستن... هەروەک لینین دەلی (( بی گومان ، رەخنە لەخوگرتن ، کاریکی پیویستە بوهەر حیزبیک بیەوی بژیا ، بەبی هیچ قەید و شەرتیک )) .

هاوری ئارام ، یەکیک بولەو تیکوشەرانەی کەهەر لەسەرەتاوە بروای وابووکە کومەلە ، هەرچەندە ریکخراویکی بچوکوساوایە ، بەلام بار و دوخی تایبەتی کوردستان و پیداویستی میژوویی هیناویەتە کایەوە و هەر ئەو بارودوخانەش ریگاخوشکەرن هەم بوخەباتی چەکدارانە کە خواستی جەماوەر بوو، هەم بو پیکهینانی حزب کەلەمندالدانی ئەو خەباتەدا لە دایک دەبی . .لینینی مەزن لەم بارەیەوە دەلی : ( من ، بەهیچ جوری نکولی لەوە ناکەم کەحیزبیکی زور بچوک دەتوانی شورش هەلگیرسینی وبەرەو کوتایی‌یەکی سەرکەوتووانەشی بەری ، بەلام دەبی ئەو ریگایانە بزانی کە لییانەوە جەماوەر بەلای خویا رادەکیشی، بویە پیویستە بەشیوەیەکی جدی شورش ئامادە بکری ) .

هاوری‌ی ئەمر ، بوچوونەکەشی بو هەلبژاردنی کام شیوە جەنگ لە کوردستان بوچوونیکی وورد و زانستیانە بوو، لەئەنجامی شیکردنەوە ـ یەکی قوولەوە پیی گەیبوو ئەم بوچوونە ، لەپەیرەوی تاوخوی دەستە

جەکدارەکاندا دەردەکەوێ کەلەشوباتی ١٩٧٦دا نوسراوە .

هاوڕێ ئەمر ، بڕوای تەواوی بەسەرکەوتنی خەباتی کومەڵەهەبوو ، بڕوای تەواویبەسەرکەوتنی جەنگی درێژخایەنی میللەتێکی بچوکی کەم هێز هەبوودژی دوژمنێکی سەرسەختی پڕچەکی بەتوانا ، بەوەی دەتوانێ لە مەیدانی ڕەوتی خەباتا هیلاکی کا وگیروگرفتی ئابوری وسیاسی و ...هتدیبخاتە بەردەم . هەر ئەو خەباتەش گەشەدەکا و دەبێ بەجەنگی گەل کەلە کوتاییدا دەتوانی چوک بەدوژمن دادا و ئامانجەکانی خوی بێنێتەدی .

هاوڕێ ئارام ، بڕوای بەوەبووە کەهێزی زور و بور وعەشایەری بێ سەر وبەرە جگەلە تێکدان وشێواندنی ڕیزەکانی پێشمەرگە هیچ سودێک بەشورش ناگەیەنی .

گەشەکردنی دەستەی پێشمەرگە و دروست کردنی دەستەی نوێ لەوەدا نەدەبینی کە پەلە لە فراوان کردنی هێزی پێشمەرگە بکری ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بڕوای وابووکەتەنها پێشمەرگەی هوشیار و خاوەن بیر و باوەڕی پولایین ونەفەس درێژ و خوراگر دەتوانن درێژە بەخەبات بدەن وسەنگەری تێکوشان تا دوائامانج چول نەکەن . بڕوای وابو کە شان بەشانی دەستەی بچوکی پێشمەرگە، دەتوانرێت ڕێکخستن لە ناو جوتیاراندا دروست بکرێت وبەمەش ڕێکخستن لەشار و لادێکاندا گەشە دەکات . بڕوای وابو لەگەل ئەوەشا دوژمن بەهێزە ، پڕچەکە ، لەزمارەدا فراوانە . هتد، بەلام ئێمە ئەگەرچی ئێستاش بچوک بین ، کەم توانا و بێ هێز بین ، بەلام ڕوژ بە ڕوژ لەگەشەکردندایین ، دەتوانین بێ پەلەپەل کردن وهەلەشەیی ، بەشینەیی و بەخوراگرتن وکاری بەردەوام دەتوانین پێویستیەکانی شەڕ بو دەستەیەکی نوێتر ئامادەکەین ، هەربەمەش و لەئەنجامی پشت بەخوبەستنەوە دەبێتە هوی پێکهێنانی لەشکرێکی شورشگێر کەلە خزمەتی جەماوەردابێ وخاوەنی ڕێکخستنێکی پتەوە و مەرکەزییەتێکی پولایین بێ .

هاوڕێ ئەمر لای وا نەبووەکە کومەڵە بەتاقی تەنیا بتوانی ڕێگای خەبات وتێکوشانێکی سەخت ودرێژخایان بگری وبتوانی شورش بەرەو لوتکەی سەرکەوتن بەرێ، ئەوەتا ئەوەشە، ئەگا ئێستا لەم پلەیەی

خەباتدا دەڵی :- ((گەشەکردنی کومەڵە و ی.ن.ک پیکەوە گری دراون هەردووکیان پیکەوە بو پیشەوە ئەرون ; ئەمە قانونیکی تایبەتی وەزعی تایبەتی کوردستانە. گەشەکردنی هەردووکیان وبردنیان بەرەو هینانەدی پارتی پیشرەوی راستەقینە و بەرەی نیشتمانی راستەقینەش بەند و بەستراون بەگەشەپیدانی خەباتی جەماهیری چەکدار.)) ئەمە نەک هەر وەک ریکخراویک، بەلکو دەیووت ئەگەر حیزبیش بین هیشتا هەر پیویستیمان بەهاوکاری و یەکیتیی حیزب ودەستە و تاقم و کەسانی شورشگیر و دیموکرات وپیشکەوتنخواز و نیشتمان پەروەر دژ بە دەرەبەگایەتی وئیمپریالیزم هەیە. بروای تەواوی بە بەرەی نیشتمانی گەل هەبوو وەک مەرجیکی بنچینەیی بۆ سەرکەوتنی شورش، هەمیشە دوژمن ودوستە راستەقینەکانی باش لەیەک جودا دەکردەوە و پیویستی یەکیتی و بەیوەندی لەگەل دوستە راستەقینەکان دەردەخست بو وەستان بەرامبەر بەدوژمنە سەرەکیەکان .

هاوری ئارام ، هەر لە زووەوە سەرنجی باری تایبەتی کوردستانی دابو، باش دەیزانی کە کومەلی گیروگرفت لەبەر دەمی دروست بوونی بەرەدا هەن، لەوانە نەبوونی ئەو حیزبانەی بەشداری پیکهینانی بەرە دەکەن چ حیزبی پیشرەوی مارکسی لینینی وچ حیزبی چینە بورژواکانیش. ئەمەی بەخاسیەتیکی باری تایبەتی کوردستان دادەنا، هەربویەش بووکاتی هەڤالانی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان بەرنامەی یەکیتیان خستەروو، هاوری ئارام بەتەواوەتی لەبایەخ وگرنگی ئەو یەکیتیە گەیشت و رای وابوو کە دەبی لەناو ریزی ی.ن.کدا هەم وەک ریکخستنی کومەلە کار بکەین ، هەم بتوانین ریکخستنەکانی ی.ن.کدا بمەزرینین و ئەو جەماوەرەش کەحیزبەکانیان پیک نەهاتووە خەبات بکەن ، لە ریزەکانی یەکیتیدا کویان کەینەوە و دژی رژیم ودەرەبەگایەتی و ئیمپریالیزم هوشیاریان کەینەوە و بیانخەینە ناو کاروانی خەباتەوە. هەروەها بو ئەوەی لەناو ریزەکانی ی.ن.کدا کەمەیدانی کاری دیموکراتیا نەیە، بتوانری ریکخستن پتەوتر بکری و زیاتر بەرەو پیشەوە ببری ، ئەوەجگە لەوەش تەیارە سیاسیەکان زیاتر پەرەو خەملین دەچن.

هاوڕێ ئارام ، هەرچەندە ئەم تەحالفەی کەلەسەر بنچینەی پێکهاتنی حیزبەکان دروست نەبووە بەکارێکی سەخت ودژوار دەزانی ، بەلام هەر سور بوولەسەر پەرەپێدان وگەشەکردنی ، ئەوەش ناشارینەوە کە هەر لە سەرەتای کاری ی.ن.کدا ، کومەلەی لەچاو ڕێکخراوەکانی ترا خەملیوترو گەشەکردوتر بوو ..ئینجا نەخەملیوی ڕێکخراو و هیزەکانی ترو نەبونی بەرنامە وکوکردنەوەی هیزەکانیان ( عەسکەری و سیاسی ) بەبی بوونی بەرنامەی تایبەتی کارکردن، ..ئەمانە هەموویان هەندێ جار دەبوونە هوی ئەوەی تەحالفەکە شیوەی پەیوەندی نیوان چەند ڕێکخراوێک بە خویەوە نەبینی کەلەسەر بناغەی بەرنامەیەکی هاوبەش پیک هاتبیت ، بەلکو زیاتر دەچووە قالبیکی شەخسیەوە و بوهەر کەسیک شیوەیەکی جیای بەخویەوە دەگرت .

هەرگیزئەو ووتەیەی هاوری ئارامما ن بیرنا چیتەوە کە دەیووت ( ئەوەی لەنزیکەوە لەگەل ئەو گیروگرفتانەدا نەژیا کەدینەریی خەباتی رژوانەمان،بەراستی گرنگی بوونی پارتیکی پیشرەو وبەرەیەکی نیشتمانی درک ناکات ونازانی ، کەچون لەواقعی بابەتیدا لە دایک دەبن وگەشەدەکەن ) .

هاوری ئارام، لەگەل ئەوەشا کەبروای تەواوی بەیەکیەتی ریزەکانی گەل و پیکهینانی بەرە هەبوو، بەلام هەمیشە سەرنجی بوئەم ووتەیە رادەکیشاین ( ئەگەر حزبمان بوونی یەکیەتی لەگەل بورجوازیەتدا ، لە هەندی کاتا بەپیویست نەزانی ، پیشکەوتن بەدینا هینی ، شورشیش گەشە ناکات ، وەئەگەر حیزبمان لەپیویستی بوونی خەباتی ( ئاشتیانە ) ی توندوتیژی دژی بورجوازیەتی نەگات لەو کاتانەشا کە لەگەلیدا یەک دەگری ، ئەوا لە رووی ئایدیولوژی وسیاسی و ریکخستنەوە هەلدەوەشیتەوە و شورشیش تیک دەچی ، ئەگەر حزبمان خەباتیکی چەکدارانە بەرپا نەکات دژی بورجوازیەت لەکاتیکا کە ناچاردەبی یەکیەتی لەگەلدا تیک بدا ، ئەوا حیزبمان بەهەمان شیوە توشی هەلوەشانەوە دەبی و شورشیش دیسانەوە تیک دەچی . )

هاوری ئارام، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە هەر چەندە ئیمە دەچینە تەحالفیکەوە، بەلام دەبی سەربەخوبی ئایدیولوژی وریکخستن و

بیروورامان بپاریزین وئەوەمان لەبەرچاوبی کەبەم کارەمان بەردەوامی خەباتمان نیشان دەدەین لەپیناوی پیکهینانی حزبداوهەروەها زورانبازیەکی توندی خەباتی چینایەتیشمانە. ئەوە جگەلەوەی کە هویەکی گرنگی پاراستنی سیاسەتی دەرەوەی بەرەیەلە هەموو رووبەکەوە.

سەرجیکی تری بنچینەیی سەرکەوتنی شورش لای هاوری ئارام ئەوەبو، سەرکردایەتی شورش وبەرەی نیشتمانی لەدەستی حیزبی پیشرەوی مارکسی لینینی دابیت، هەروەها هەرگیز خەباتی خەلکی زەحمەتکیش و جەوساوەی کوردستانی لەخەباتی تیکرای زەحمەتکیشانی عیراق جیانەدەکردەوە، بروای وابو کەبەبی یەکیتیی خەباتی زەحمەتکیشانی گشتی عیراق ناتوانری رژیمیکی دیموکراتی گەلی بهینریتەدی وبی هینانەدی رژیمیکی ئاواش میللەتی کورد بەمافی خوی ناگات. لەژمارە یەکی ئالای شورش‌دا نوسیویە :ـ

(( سەبارەت بەوەی کە شورشەکەمان بریتی نیە لەبزوتنەوەیەکی نەتەوەیی تەسکی گەلی کورد، بەلکو شورشی دیموکراتی گەلی عیراقە ولە کوردستانەوە بەهوی تەقینەوەی ناکوکیەکانەوە و هەروەها لەسایەی باش هەلکەوتنی خاکی کوردستانەوە دەستی پی کرەوە و بوئەوەی بە عەمەلی جی بەجی بکریت پیویستە بەپیی ئەو واقیعە .. نەخشە بو مەسەلەی بەرەی یەکگرتووی گەل بکیشین ولەریی خەباتی یەکگرتووی هیزە شورشگیرەکانی گەلی عیراقەوە کوتایی بەدەسەلاتی شوفینی بەعسی فاشیست بهینین . )) بویە هەمیشە لەوە دەترسا کەجاریکی تریش گیانی تاکرەوی وسەرلیشیواوی ولەخوبایی بوون و دوگماتیزم دووچاری شورشەکەمان ببیتەوە ، جاریکی تریش بەرەو تەنیایی وبی پشتوانی وبەرەو تیشکان وهەلدیری بەرنەوە . ئەوەندە بروای بەیەکیتی خەباتی هیزە شورشگیرەکانی عیراق هەبوو، تەنانەت بەشتیکی زور پیویستی دەزانی کەئەوانەش لەری لایانداوە، ئەوانەش هەلە وەدوای خوی داون بەئاگا بهینرینەوە و هەولیان لەگەلدا بدری بوهینانەوەیان بو سەر هیلی راستی خزمەتی جەماوەر ، ئەمەلەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە بە توندی دەچو بەگژ ریفیزنیست وراسترەو و دوگماتیزمەکان وهەمیشە ئاگاداری دەکردینەوە لەوەی کومەلەمان بپاریزین لەمەترسی ئەو

چەشنە رێبازە گومراپانە، هەروەها وریای دەکردینەوە لە مەترسی هەری بورژوا و راپەکردن بەدوایدا بە بیانووی ئەوەی بەرێگای ئاشتیانە دەتوانری لەگەڵیاندا سۆشیالیزم بنیات بنری .. لینین دەڵی :- (ئەوەی پێویستی بەرپاکردنی جەنگێکی سەختی کوشندە لە جەماوەر بشارێتەوە لەوەدا کە ئامانجی راستەوخۆی کاری داهاتووە، ئەوە خۆی و میللەت دەخەڵەتێنی .) هەروەها لە بیرکردنی گیانی ئینتەرناسیونالیستی و خۆبەستنەوە بەبەرژەوەندی نەتەوەیی و فەراموش کردنی بەرژەوەندی گشتی و گەلانی گیتی . ئەمانەی بەو زەبرە کوشندانە لە قەڵەم دەدا کە بەرسرولبنارێای کوردستان و عیراق و جیهان دەکەوی و خەباتیان سەختتر دەکا .

هاوڕێ ئارام ، لەوەش باش گەیشتبوو کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە عیراقدا بەشێکی نەپچراوە لە خەباتی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستانا، ئەو یەکیەتیەش دەبی لەگەڵ رەوتی مێژوودا گەشەی پی بدری و بەرەو پێشەوە بچێت لەپیناوی هێنانەدی ئەنجامی کۆتایی لە خەباتی دوور و درێژی خەڵکی کوردستاندا لەپیناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سۆشیالیستیدا . ئەمە وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە و گەشەکردنێکی چۆنایەتی گرنگ بوو لەخەباتی گەلەکەماندا ، بەتایبەتی دوای ئەو هەموو دابڕین و ناکۆکیەش کە بنەماڵەی مەلامستەفا بەسەر شۆرشی کوردیان هێنا ، ئەو هەموو پەیوەندیە گومانلیکراوانەش کە بەسەر شۆرشی کوردیان سەپاندوە ... هاوڕێ ئارام زۆر جار دەیووت ( هیچ بەدووری نازانم ، کە کوردستان ببێت بەڤێتنامی رۆژهەڵاتی ناوەراست . ). وەنەبی ئەم گەشبینیەی هەر قسە و خەوی بەمەبی بووبی و لەزەمینەی واقیعدا بەڵگەوشی کردنەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵی نەبووبی ، بەڵکو هەموو قسەکانی بەلیکۆڵینەوە و بەڵگەی مێژوویی تەواوەوە رون دەکردەوە .

هاوڕێ ئارام ، دوای ئاشبەتاڵە ئابروبەرەکەی بنەماڵەی بارزانی زۆر جار دەیووت ( با، وانەزانین ، ئیتر دەوری داروودەستەکەی بارزانی کۆتایی هات و جارێکی تر نابنەوە بە رێگر لەبەردەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا . ) ، کاک ئارام وا بوئەم مەسەلە دەچــــووکـــە داروودەستەی بارزانی هەتا لە کونەبەرستەکانی کوردستانیش ناچن

کە هیچ نەبێ بەرەوالەت دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و چەوسانەوە بێ و هەر هیچ نەبێ هەندێ جارهەستی نەتەوایەتی توزێ‌یان جوولێنێ.
بەلام هەرچی داروودەستەی بنەماڵەی بارزانی هەیە لەدەرەوەی کوردستان و لەناو باوەشی بەسۆزی ئیمپریالیزم وسەهیونیزم و شای بەکرێ گیراودا دەژین و دوورن لەو ئازار و چەوسانەوەیەی کەمیللەتی کورد دووچاری هاتووە و ئەو هەموو کوشتن و برین و هەڵواسین و دەربەدەری کردنەیان جولێنێ و خۆیان بەخاوەنی نازانن، نەک هەر ئەمە بەلکو هەمیشە دەبن بەکوتەکێکی دەستی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و لەکوێ بەوی لەوێ بەکاریان دێنێ و ئەواش بەئارەزووی ئیمپریالیزم هەلدەسورێن و لەبەرەی میللەت چوونەتە دەرەوە، بۆیە دەبێ ئەم دار و دەستەیە لە بەرەی دوژمن دابنرێن و جەماوەری کوردستان هوشیار بکرێنەوە لە مەترسی دەستتێوەردانەوەی جارێکی تری ئەوان لەشۆرشی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆئەوەی جارێکی ترخەلکی چەواشە نەکەنەوە و شۆرشیش تووشی نەهامەتی و ئاشبەتالی ترنەبێ...
ئەوەتا هەر لە زور زووەوە لە ناوەراستی مارتی١٩٧٦لە بەیاننامەی (بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشوو سەرەنجامەکەی بەئاشبەتال) دا دەلێ:-
(ئیستاش بارزانی وازی نەهیناوە، خوشی نەمینیت هەیە لەدوای ئەو ئالا شرەکەی بەرزئەکاتەوە و دوور نیە لەپر ببینین کەپارتیە داروخاوەکەی مەلا زیندو بکریتەوە و چەند گەوجیک وساویلکەیەک بکەونەوە دەهول و زورنا لیدان بو پیشەوا بارزانی،ئیمە هەموو گەلی کوردستان ووریا ئەکەینەوە و داوایان لی ئەکەین کە ئازایانە بی سلەمینەوەئەو ریبازە داروخاوە نەگرنەوە و بە پروپاگەندەی چلکاوخورەکانی مەلا و ئیران و ئەمەریکا هەلنەخەلەتینەوە.).

ئەمە مشتێ بوو لەخەرواری نووسین دەربارەی مروڤێکی تێکوشەر، نووسەرێکی کارامەی ووریا، شەهیدی کومەلە، شەهیدی رەنجدەران و کومەلانی خەلکی کوردستان و عیراق، شەهیدی ی.ن.ک و ((التجمع الوطنی العراقی))، شەهیدی بیروباوەری بەرز و ریگای سەرفرازی مروڤ و لەناو بردنی دواسیمای چەوسانەوەی مروڤ لەلایەن مروڤەوە کاکە ئارام...

کوردستانپۆست

بەهیوای ئەوەی کەیادی ئەم وهاوڕێیانی نەمر خالە شەهاب وکاکە جەعفەر و کاکە ئەتوەر و هەموو شەهیدانی ترمان بکەین بەهاندەرێک بو زیاتر سوور بوونمان لەسەر خەبات وفیداکاری ومانەوە لە سەنگەری شەرەفدا تا هەتاهەتای دوا ئامانجی کومەڵەمان ....

ئیتر هەزاران سلاو لە گیانی پیروزی ئارامی نەمر...

سەروەری و بەرزی بوهەموو سەهیدانی ڕیبازی مارکسیزم لینینیزم

سلاو بو گیانی هەموو شەهیدانی ڕیگای ئازادی وسەرفرازی کوردستان و عیراق و هەموو بەشیکی تری دنیا .

ناوەندی

کومەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- عیراق -

١٩٨٠/٦/٢١

# بزوتنەوە چەکدارەکەی پێشو سەرەنجامی بەئاشبەتاڵ

هاوڕێیانی نیکوسەر

بەپێویستمان زانی نوسینێک دەربارەی(ئاش بەتاڵ)بلاوبکەینەوە و تیایدا بەچاکی دەست بخەینەسەر کەم و کوڕی ولایەنەجۆوتەکانی بزوتنەوەچەکدارەکەی ئەم دواییە کەلەلایەن سەرکردە عەشائریەکەی بارزانیەوە رابەری ئەکرا .وئەبێ ئەومەسەلەیەش بەچاکی تێ بگەین بو ئەوەی بتوانین عیلمیانە و مەوزوعیانە وەلامی جەماهیربدەینەوە و بە رێگا و بیرکردنەوەی کومەلەمان هوشیاریان بکەینەوە و هانیان بدەین و گور بە خەباتیان بدەین.

لەمانگی نیسانی رابوردوشدا کومەلەمان نوسراوێکی هەرلەم بارەیەوە بلاوکردەوە و بەشێوەیەکی زانستیانە هو سنجینەییەکانی ئەوئاش بەتالەی روونکردبوەوە .وەبەبونەی تێپەربونی سالێک بەسەر ئەو رووداوەدا ئەم نوسراوە بە ریزەکانیدا بلاوبکاتەوە .(ئاش بەتال)ئەو ووشەدل سوتێنەرەیە کە جەماهیری دل پرلەژانی گەلی کوردستان هەست وهەلویستی خویانیی دەربری بەرامبەر ئەنجامی نالەباری بزوتنەوەکەی بارزانی.

سالێکی تەواولەمەوبەر بارزانی ئاش بەتالەکەی کرد و بەوجورە گەلی کوردستانی بەوپەری بێ دەسەلاتیەوە خستە بەردەستی دوژمن و خوێنی هەزاران شەهید و فرمێسکی هەزاران خیزانی لی هەوما و و سەدان مالی ویران ودیهاتی سوتاوی بەفیرودا و بێ شیل کرد .

بەلام ئەو پرسیارەکە بەسەر زمانی هەزاران رولەی گەلی کوردستانەوەیە و تائیستاش بو وەلامەکەی ئەگەرین ئەوەیە (بارزانی بو وای کرد لەکاتێکدا کە لەوپەری بالادەستی وبەهیزی دابوو ؟؟)

ئەمە پرسیارێکە لە جێی خویدایە و ئەبێ وەلامێکی بەجێی بدرێتەوە و کومەلەمان ئەولایەنەیە کە ئەبێ بەشێوەیەکی عیلمیانە و مەوزوعیانە ئەم وەلامە بداتەوە و ئەم تاقی کردنەوە گەورەیەشی بکاتەوەسەرەنجامەکانی بپالێوی وبیخاتەوەبەردەمی جەماهیر بوئەوەی لە خەباتی لە

کوردستانپۆست

مەودوادا پربە پیستی خوی سودی لی وەربگریت .وەوالەم جەندلاپەرەید داهەول ئەدەین وەلامیکی رانستیانەی ئەم پرسیارە بە ئاشکرایی بدەینەوە.

زوربەی خەلکی لەو باوەرەدان کەتاکەهوی کاریگەر و بنچینەیی ئاش بەتال ریکەوتنەکەی نیوان عیراق وئیران بو.راستە ئەو ریکەوتنەدوا بال بونرا بەبزوتنەوەکەوە بەرەو هەلدیری هەرار بە هەزاری لە ناو جون،وابە ئەو پالە دەوری عاملی کاریگەر (المؤثر)ی دی بەلام ئەوپالە بەهیج جوریک تاکە هو وەهوی بنچینەیی ئاش بەتال نەبو بەلکو گەلی هوی بنچینەیی وگرنگ پیش ئەوریکەوتنە لەسەریەک کەلەکەبوبون تا ئەهات ریاسرتاو جەرگی بزوتنەوەکەی ئەخواردەوە و پووچیان ئەکردەوە.

ریکەوتنەکەی ئیران وعیراق تەنیا ئەوکاتە ئەتوانی دەوری کاریگەرییی کەئەو هوبنچینەیی وگرنگ وکاریگەرانەی دەوری تەواوی خوبان دی بو، وە وایان لەبزوتنەوەکە کردبوکەتەنیا قاوغیکی بەتالی زەبەلاحی لی مابوەوە و بوروخاندنی تەنیا پالیکی وەکو ریکەوتنەکەی ئیران وعراقی بەس بو.ئەگینا ئەگەر وا نەبوایە ،واتەئەگەر پیش ئەوریکەوتنەکومەلە هویەکی بنچینەیی وگرنگ وکاریگەر ( کەلە خوارەوە باسیان ئەکەین ) زوتر کاری نەکردبێ جون بزوتنەوەیەکی وازل وازوو ،وابەئاسانی وبە دەست وبرد،وا بی قەیدو شەرت ،وا بی هیج سلەمینەوەیەک ، وا بی روانینیکی دواروژ ئاش بەتالی لی ئەکریت وملی کوردستان بە جەشنی کەلاکیکی مردوو لەپیش دەم گورگیکی درندەدا دووجاری بیدەسەلاتی ئەبیت ولەبەر دەستی دوژمنی بی ویژداندا دائەنریت ؟باهەموو لایەکمان جاک بزانین کەئەگەربیت وبەشیوەیەکی مەوزوعیانەو حدبانەسەیری ئەو هو بنچینەیی وگرنگ وکاریگەرانەی کەبونەهوی راستەقینەیی ئاش بەتال نەکەین ولەخەیانی لەمەودوادا بەوردی ودلسورانە رەجاویان نەکەین ونەیانگورینەوە بە هوی تری بنچینەیی وگرنگ وکارگەری پتەوکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان،ئەوا هەرگیز هیج جورە سەرکەوتنیک نابینین.

بوئەوەی ج هویەکانی ئاش بەتالەکەی پیشوو وج هویەکانی پتەوکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەل بزانین،ئەلی بەلاوەی سەیری روحساری

ئەم سەردەمەبکەین ولە جەوهەری ئەوگورینە بنەرەتیانەبکەین کەسە-
ردەمی ئیستا بەسەربزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلانی دونیای داهینا وەجو-
نکە بەبی ری کردن لەگەل رەوتی گەلانی شورشگیرانی دنیادا و دواکە-
وتن لەم رەوتە ئەبینەکونەپەرست ونا شورشگیر و نەک مافی ئەوەمان
نابیت کەخومان بەرابەر و شورشگیربزانین بەلکوما فی ئەوەشمان نابیت
کەخومان بەدلسوز بزانین بەرامبەرگەل و نیشتمان.
بارزانی نەک هەرلەگەل رەوتی شورشگیرانەی گەلاندا ریی نەکرد بەلکو
چەند هەنگاویکی گەورەش بزوتنەوەکەی گەلی کوردی بەرەو دواوە بر-
دەوە .وەگەورەترین جەزرەبەکە بارزانی بەبزوتنەوەی رزگاریخوازانەی
گەلی کوردستانی گەیاند ئەوەبوکە سولتەی دیکتاتوریانەی خوی بە
سەردا سەپاند و بیرکردنەوەی کونەپەرستانە و بەسەرچوی چینەکونەپە-
رستەکانی لەباتی بیرکردنەوە و تیوری شورشگیرانەی بەسەربزوتنەوە-
کەدا داپری.
بزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلان لەم سەردەمەدا ئەوەی زورچاک چەسپا-
ندوەکە (بزوتنەوەی شورشگیرانە بەبی تیوری شورشگیرانە نابیت ).
بەلام بارزانی ریک پیچەوانەی ئەو باسا عیلمیانەوە جولایەوە و
رەفتاری کرد و بەهەموو شیوەیەک ریگای لەبزوتنەوەی شورشگیرانەی
کورد گرت کەبەپیی ئەم یاسایە بروات و گەشە بکات .
وەئەم کارەی بارزانی ماکی هەموو بزوتنەوەکەی ئەم دوایییەبوو وهوی
سەرەکی وبنچینەیی وکاریگەری ئاشبەتالەکەش بوو چونکە کەبزوتنە-
وەیەک تیوری شورشگیرانە ریبازەکەی روناک نەکاتەوە شورشگیرنابیت
وەبزوتنەوەیەکیش کەلەبزوتنەوەیەکی شورشگیر دەرچو ئەبیتەبزوتنە-
وەیەکی هیچ وپوچ وبی رەگ وریشە و ئەکەویتە قورگی (شەیتانەوە ).
مەسەلەی نەبونی تیوری شورشگیرانە و تەنانەت دوژمنایەتی کردنیشی
کومەلیک ئەنجامی سیاسی وتەنزیمی وئایدیولوژی ئەوتوی لی هاتنە
بەرهەم کەهەریەکیک لەوئەنجامانەهویەکی گرنگ بوون بو کلور کردن و
پوچەل کردنەوەی بزوتنەوەکەوە ئەو ئەنجامانەی نەبونی تیوری شور-
شگیرانە و دوژمنایەتی کردنی بەرهەمی هینا بو ئەمانە بوون :
١- تێ نەگەیشتن لە حەقیقەتی ئیستای بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە مەیدانی

شۆرشی گەلاندا بەرەوسوشیالیزم و پساندنی پەیوەندی مەوزوعیانەی
بزوتنەوەی کورد لەگەل ئەوشۆرشەدا .بۆیەبارزانی شوێن بزوتنەوەکەی
بەستەوە بە بەرژەوەندی دوژمنە سەرسەخت ودێرینەکانی گەلی کورد و
شۆرشی جیهانەوە کە مێژوو چاک سەلماندویەتی ئەولایەنانەی کە (بارزا-
نی) پشتی پێ بەستبون و بزوتنەوەکەی خستبوە قولی مستیانەوە .ئەوا-
نەش بەپلەی یەکەم ئێران وئەمەریکایە- دوژمنی گەلی کوردن وئەمە
یەکەمین جار نیەکەداوی بۆ ئەنێنەوە و هەولی راوکردنی ئەدەن و لە
ماوەی نیوەسەدەی رابوردودا چەندین نمونەی دەست برین وهەلویستی
دوژمنانەی ئێرانی بەکری گیراوی ئیمپریالیزمان لەبەرچاوەوئەوەی
ئەوەندەجار لەسەر یەک چاولەم راستیە بقوچێنێت وگەل بخەلەتێنێت
بەوەدانانرێت کەئەوکەسە تەنیا (هەلە)یەکی کردوە نەخێربەلکو ئەوە
نیشانەی ئاشکرای نادلسوزی ودوژمنایەتی کردنی گەلی کوردوکوردستان
وهەموو بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی رزگاریخوازانەیە وە نیشانەی ئە-
وەیەکە ئەوکەسە لە قەناعەتوهوشیاریەوە ئەو ریبازە ئەگرێت .بارزا-
نیش باش ئەیزانی کەچەند جار ئێران وئیمپریالیستەکانی ئاغای دەستی
کوردیان کردوەبەزاخاو داویان بونا وەتەوە .خوهێشتا گەلی کورد لە
هەموو کوردستاندا خێ قازی مەحەمەدی شەهید و دەیان شەهیدی تری بیر
نەچونەوە ،ئەی بارزانی بۆ وابەئاسانی بیری چوەوە ؟خوهیچ نەبێ ئە-
بوایەئەمری خنکاندنەکەی خوی بیرنەچوایەتەوە کە بوی دەرکرا بوبەلام
ئەم هەلویستەی بارزانی لەبیرچون وگێلی نیە بەلکو ریبازە و ریبازی
چینەکونەپەرستە دژ بەشورشەکانە ،ریبازی خزمەت کردنی ئیمپریالیزم و
کونەپەرستیە لە ناوچەکەدا بە هەموو توانایەوە .ریبازی باوەرنەبونە
بە هێزی بێ سنوری جەماهیری گەل وەباوەربونە بە هێزی ئیمپریالیزم
ودارەدەستەکونەپەرستەکانی.بەپێی ئەم بیروڕایە بارزانی بزوتنەوە-
کەی فری دایە ناو مەیدانی سات وسەودای نێو دەولەتان وجلەوی بزو-
تنەوەکەی لەدەست گەل سەندەوە و دایەدەست دوژمنەکانی گەل، وە ئەم
کارەی بارزانی سامناک ترین وزیان بەخش ترین کاربوکە دەرحەق گەلی
کوردستان کردی و ئاش بەتالیش بەرهەمەکەی بوو .

کوردستانپۆست

٢- بەپێی هەمان ڕێباز- ڕێبازی باوەڕنەبون بەهێزی بێ سنوری گەل- لەناو ڕیزەکانی بزوتنەوەکەدا ڕەفتارکرا.لەباتی ئەوەی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی هەڵێنجراو لە ناخی جەماهیر و شۆرشی جیهانەوەبگیرێ، ڕێبازی سەرکردایەتی سەروکراتی دیکتاتوریانە و بەرەلای بێ سنور گیرابو.هێندە دوژمنی بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانەبون - بەپێی سروشتی چینایەتیان.- مەبەستمان لەسەرکردایەتی بزوتنەوە- کەیە بە هیچ جۆرێک ئامادەنەبون دان بەوڕاستیەدا بنێن کەکۆمەلگای کوردستانیش کۆمەلگایەکی فرەچینە و ناشێ مەسەلەی خەباتی چینایەتی و دەوری هەرچینێک بەپێی سروشتی چینایەتی خۆی لە شۆرشدا پشتگوێ بخرێ.بەلام ئەم ڕاستیە علمیەی پێ شێل کرابو وەبەهیچ جۆرێک ڕێ بە هیچ بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە نەئەدرا کەدەوری شۆرشگێڕانەی خۆیان بگێڕن نەک هەرئەمە بەلکو وەک هەموو ڕژێمێکی دیکتاتوری فاشیستی تر ئەچون بەگژهەر کەسێک ودەستەیەک وڕێکخراوێکدا کە بونی پێشکەوتن- خوازی لێ بهاتایە ودەزگای شومی (پاراستن)وەکوبەشی لە( سازمانی ئەمنیەت ودەزگای بەدناوی ساواکی ئیرانی)بەردرابوە گیانی ڕۆلە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان ئەمەش بەپێی ئەو پلانەڕەشەی کەئیران وئاغاکانی بو بزوتنەوەکەیان کێشابو،ڕژێمی تاکە حزب سەپێنرابوبە سەر گەلدا و هەموو جۆرەبیروباوەڕێکی پێشکەوتوانە سەرکوت ئەکرا و دەیان ناو وناتۆرەی سوک ئەنرا بەوکەسانە و بەوڕێکخراوانەوە کە لە گەل ڕێبازی بزوتنەوەکەی بارزانی نەبوایە و بەلای کەمەوە نازناوی (حاش)یان پێ ئەبەخشی.کەچی حزبەکەی خوشیان وەکوسەرکردەکانی خوی زورجار دەربان ئەبری هیچ فری بەسەر حزبەوەنەمابوو ئەمەش لەبەر:

<u>یەکەمین</u> : هیچ ممکن نیە حزبێک لەکۆمەلگایەکی فرەچیندا بتوانی نوێنەرایەتی هەموو چینە کۆمەلایەتیەکان بکات بەلام حزبەکەی بارزانی حزبی هەموو گەل بوولەبەر ئەوە هەر لەناوئەوحزبە خۆیدا چەندان نە- یاری سیاسی تیا بوو هەرلەم پەری چەپەوە تا ئەوپەری ڕاستوتائەگاتە بارزانی خۆی کە هەر باوەری بەحزب نەبوو .

<u>دووەمین</u> : وەکو وتمان بارزانی خۆی هەرباوەری بەبونی پێویستی حزب نەبو لەبەرئەوە بەکەم هەنگاو سالی ١٩٦٤ نای بەڕەو لەناوبردن

و بۆچەل کردنەوەی پارتی و دەستی گرت بەسەر بە هێزی چەک و سەرۆ-
کایەتی مطلەقی خۆی بەسەردا سەپاند و ئیتر هەرچی بەتەنیا نەک هەر
دەسەلاتی سەرۆک بەلکو دەسەلاتی هەموو دەزگاکانی حزبی دا بەخۆی. مەسە-
لەکە گاڵتەش نیەئەگەر بلێین خۆی کۆنگرەش بوو چونکەکێی بوێستبا
ئەیخستە لیژنەی مەرکەزییەوە و کێی نەویستایە دەری ئەکرد بگرە ئەی-
کوشت. لەم حالەتەدا حزب هیچ دەورێکی تەنزیمی وسیاسیی ئەوتۆی نە-
مابوو کەشایان نەک هەر بە سەرکردایەتی کردنی شۆڕش بێت بەلکو شایانی
ئەوەش نەمابوو کە پێی بوترێ حزب. بەم جۆرەبە هەموو شێوەیەک رێگای
ئەوەگیرابوو کە بەپێی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی و خەباتی نیشتمانی
و باساکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و بزووتنەوەی کورد ببێتەخاوەنی حزبی
پێشڕەوی خۆی. حزبێک کە رێبازی شۆڕش بە تیۆرە شۆڕشگێڕانەکانی روون
کاتەوە و بەشێوەیەکی علمیانە هێزەکانی گەل هوشیار بکاتەوەو هانیان
بدات وڕێکیان بخات و رابەریان بکات. بەڵام لەباتی ئەم حزبەنا وبکی
زل و دییەکی ویرانیان بەسەر خەلکیدا سەپاندبوو کە لەباتی ئەوەی
سەرکردە و کادرەکانی خەریکی بەجێ هێنانی ئەرکە شۆڕشگێرەکانیان بن
خەریکی رابواردنی خۆیان و گیرفان پڕکردن و راووروتی ئاشکرا بوون. وە
رەنگەپێش ١٩٧٠ ئەم راستیانە لەبەرچاوی گەل نەبوبن بەڵام چوار
ساڵی بەئاشتی نێوان بارزانی و بەعس بەجوانی لێی پرسراوو کادرەکانی
(حزب) و بزوتنەوەکەی بارزانی خستەبەر چاوی هەموو گەل وە ئەوەی تو-
زێک گیانی شۆڕشگێرانەی تیابێت قێزی بەئەوە لەو جۆرە سەرکردەوکا-
درانە، هەروەها ئەو (قارەمانە شۆڕشگێرە مەزنانە)ی ئەوەندەی تر
پەچە لە رووی رەشیان هەڵمالراوە بەتایبەتی لەماوەی ساڵی تازەبو-
نەوەی شەڕدا و تەنانەت لە ئاش بەتالکەشدا بەجاری خۆیان پیشان دا
چەند ناحوامێر و نادلسۆز و ترسنۆک و چەم و سوچن.
لەبەرئەوە خۆیان رێکخستنیان پێ شل ئەکرد بەدەر ئەمانە لەدوای
رێکخستن، پشێوی و بێسەروبەرلایی و ئاژاوە بالی بەسەر هەموو قولەکانی بزو-
تنەوەکەدا کێشابوو وە ئەم وەزعەنا لەبارە هەم لەرووی سیاسی و ئابووری-
ژیەوە وە هەم لەرووی عەسکەرییەوە کاری بلێی خۆی کردبوو:

کوردستانپۆست

أ- لەرووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە جەماوەری خەڵک بەگیانی شۆڕشگێڕانە پەروەردە نەکران - چونکە ڕێبازی سەرکردایەتی دژی ئەمە بوو هەر لە چوونە شاخەوە تا ئاشبەتاڵ - جەماوەر خۆی ئەوەی کردکە بە ڕاستی ئەزانی سەرەرای ئەمەش زۆرجار (حزب) و (شۆڕش) خەڵکیان بە شێوەیەکی چەوت ئاراستە ئەکرد بۆ نموونە نەک هەر چوونە دەرەوەیان ڕێک نەخست بەڵکو خۆیان بە زۆر بە هەڕەشە زۆر کەسیان ناچار کردکە بچنە شاخ کەچی لە شاخ هەمان (حزب) و (شۆڕش) گوێیان پێ نەئەدان و ئەو کەسانەی سەربەخۆیان نەبوون کاری گرنگیان نەئەدا بەدەستیان و خەڵکێکی زۆر کرا بوو بە باری سەر بزوتنەوەکەوە و لە باتی سوود وەرگرتن لەو پەری هێزوتوانایان بەرەڵاکرا بوون زۆریان هەرئەسوڕانەوە جا باتەماشاکەین خەڵک لە شۆڕشدا بێ کاربێت بە مەرجێک چووبێتە شاخ بۆ شۆڕش لە کاتێکدا کە ئەبوایە تەنیا ئەو کەسانە بڕوا بدرێن بچنە شاخ کە بزوتنەوەکە پێویستی پێیانە و لە وێش هەرکەسە کاری خۆی بۆ دەست نیشان بکرایە بە پێی پێویستیەکانی شۆڕش. ئەگەر پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە بوایە هەرکەسە خۆی ئەرکی خۆی ئەزانی و ئەخرایە سەر ئەو ئیشە و بە دڵسۆزانە جێ بەجێی ئەکرد. جا ئەو ئیشە کارێکی سیاسی بیان ئیداری یان عەسکەری بوایە. وە لە هەمان کاتدا زیاتر هوشیارانە لە مەسەلەی شۆڕش ئەگەیشتن و زیاتر دڵسۆزانە هەوڵیان ئەدا وە هەڵوێستێکی ڕاستیان ئەبوو بەرامبەر هەر مەسەلەیەک کە ڕووبەڕووی شۆڕش ببوایەتەوە. پەروەردەی شۆڕشگێڕانە کە لە بزوتنەوەکەدا پێشێل کرا بوو ئەگەر پەیڕەو بکرایە لە زۆر ڕووەوە ڕێگای لەوە ئەگرت کە بزوتنەوەکە وا بە جارێک بکەوێتە باوەشی دوژمنەوە - ئێران و ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی - ئەمەش مەسەلەی ئاشبەتاڵی بە جۆری تر ئەگۆڕی. بۆ نموونە لە بابەتی پەروەردەی شۆڕشگێرانەوە:

١- چوونە دەرەوەوا بە بەرەڵایی نەئەبوو ئەوەندەکەس ئەچوونە دەرەوە کە بزوتنەوەکە پێویستی پێ بوایە.

٢- ئەوانەی ناو بزوتنەوەکە لە باتی پەروەردەکردن بەگیانی تەمەڵی و خۆپەرستی و پارەپەرستی، ئەگەر شۆڕشگێڕانە پەروەردە بکرانایە ئەوەندە هەڵپەی خۆیانیان نەئەکرد و بەرژەوەندی خۆیانیان نەئەخستە سەرو بەرژەوەندی گەلەوە.

کوردستانپۆست

٣- هەولیان ئەدا کە لەریگای کاری (دفاعی مدنی) وجورەکاری تری وا وەئەو خیزانانە بپاریزن کە لەلادیکان بوون وە یان لەشارەکانەوە دەرکرابون. وەئەتوانرا بو نمونە لەشوینە دورەکان لە ناو ئەو شاخ و دول وشوینە سەختانەدا پەناگای توند و تول دروست بکری بە جوریک کە نەفروکە و نەهیچ چەکیکی دوژمن زەفەری پی نەبات. لەفیتنام لە کاتی خەباتە چەکدارەکەیاندا بەهەموو لایەکدا لە ژیرزەوی دا پەناگایان دروست کردبو تەنانەت خەستەخانە و بازار و هەتا سینەمایان لەژیرزەویدا دانابوو حگەلەوەی کەهەمووکەسیک شوینی هەبو کە خوی تیا بپاریزیت، ئەمە بکرایە پیویست نەئەبووکەهەزاران خیزان بچنە ناو ئیرانەوە و فری بدرینە ئوردوگاکانەوە و توشی جورەها وەزعی نالەباری مەعاشی وئەخلاقی وسیاسی وصحی ببن.

بەلام ئەوانەی دزی ریبازی شورشگیرانەبون ئەیانەویست والە خەلکی بکەن گوایە لە کوردستاندا بستیکی تیا نەمابووکەکەس خوی تیا بگریت وئەبوئەو خیزانانە هەر بچنەئیران وبەم کارەش پەیوەندیکی نوییان خستەدەست وپیی بزوتنەوەکە ئەوەندەی تری دەسەلاتیان کرد بەرامبەر رژیمی ئیران.

٤- دزی ودروزنی نەکرابە و هەولی گیرفان پرکردن نەدرایە لە لایەکی تریشەوە ئەو جیهازە پان وبەرو بی کەلکانەیان بەوجورە دروست نەکردایە و پارە وکەرەسە و شتیان بەفیرونەدایە هیچ پیوست بەو هەزاران (تمەنەی) ئیران نەئەبو و ئەوەندەش بزوتنەوەکە نەئەکەوتەدەست رژیمی ئیران.

٥- جەماهیر فیر بکرایە کە ئەبی شەریش بکات وبەرهەمیش بهینی واتە تفەنگیش هەلگری وئیشیش بکات. بەم جورە ئەتوانرا لە زور مەیداندا پیویست بەخواردن وهەمووشتیکی ئیران نەبوایە .خو ئەو هەزارانەی لە دەرەوەبوون چاک ئەزانن جون لەسەلکەتوریکەوە تا توپی تەیارەشکین ئەبیت لەئیرانەوەبیت. ئەمە نەک هەلسوکەوتی شورشگیرانە نیە بەلکو کاریکی ئاشکرایەدزی گەل وشورشەکەی وئەم کارە نەتنیا دوژمن ئەیکات نەک سەرکردەی ((شورش)) خوشیمە ئینکاری ئەوەناکەین کەیارمەتی دەرەوە پیویستە بەلام ئەویارمەتیانە چین؟ گوایە لە بەرئەوەی یارمەتی

دەرەوە پێویستە ئیتر ئەبێ خومان لێی پال دەینەوەو دانیشین وپاروە-
کەش بکەین بەدەممانەوە ؟. ئەوەی واتی ئەگات کەسیکی گەوجی بێ عەقلەو
فری بەسەر شورشگیریەتیوە نیە. وەهەروەها ئەبێ بش زانین یارمەتی
لەکێ وەرگرین وبەچ مەرجیک ((ئەگەر مەرج هەبیت)) چونکە لە هیچ
دەور و زەمانیکدا بەرەی کونەپەرستی وئیمپریالیزمی دژبە بزوتنەوەی
رزگاریخوازانەی گەلان یارمەتی بزوتنەوەیکی شورشگیرانەی نەداوە و
نایدات وهەر بزوتنەوەیەکی چەکداڕانەش پشت بەستوبیت بەو بەرەیە
لەجەوهەردا لە خزمەتی بەرەی دژبەگەلانی ئازادیخوازدایە لە لایەکی
تریش هیچ ممکن نیەئەوانە یارمەتی بزوتنەوەیەک بدەن بێ ئەوەی شەرتی
خویان نەسەپینن وبەرژەوندیان مسوگەر نەکەن ....
لەبەر روشنایی ئەم راستیەئەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بزوتنەوەکە
ئەگەرچی لەرووالەت وای نیشان ئەدا کە لە پیناوی مافەنەتەوەییەکانی
گەلی کوردا ئەجەنگی بەلام بەکردەوەچەسپاندیان کەناوەروکەکەی پو-
چەل بوەو لەخزمەتی گەلدانەماوەو ئەنجامی ئەمەش روژلە دوای روژ
زیاتر و بەئاشکراترتەوقی ئیران وئیمپریالیزمی ئەمەریکای ئەچوە
گەردن.. .بویە هەربەمورکردنی ریکەوتننامەکەی شاە -صدام بزوتنە-
وەکە وەک هەرمیک لەسەرنوکەکەی دانرابیت بەبروسکەیەک هەرەسی هینا.
لەباری سەرەنجی شورشگیرانەوەناشی بەهیچ جوریک یارمەتی ودەستگیر-
ویی لەبەرەی کونەپەرستی وئیمپریالیزمی جیهانی وەربگیری-جا ئیتر
هەچ بیانویەک بهینریتەوە گوایە وەزعی جغرافی وخوسیەتی کوردستان
ئەوەهەلئەگریت-لەجیی خویدا نیە و بگرەگەل دوجاری تیکشکان ونە-
هامەتی ئەکریتەوە تائیستا ئەوجورە بیرکردنەوەیە لەناو خەلکی دا
پەیرەوئەکریت راستیەکەی هەلویستی شورشگیرانە لە ئیمپرالیزم وکو-
نەپەرستی وەک روژی رووناک ئاشکرایە بەتایبەتی کەمەسەلەکەبەیوە-
ندی بە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەوە و شورشی چەکدار و شیوەی یارمەتی
دان و دەستگیرویی‌یەوە هەبیت. تاکەلایەنیک هەبیت پشت وپەنای گەلانی
ئازادیخوازبیت بەرەی ئیشتراکی وگەلانی رزگاریخوازە.. .هەرلەسەرە-
تای دروست بوونی‌ئیمپریالیزمی جیهانیەوە تا ئیمرو نەبینراوە و نە
بیستراوە دەستگیرویی بکات بەمەبەستی رزگاری بەلام هەمیشە ئیمپر-

پالیزم وکونەپەرستان نوینەری شورشی ئاوەژووبوون .

ب ـ لەرووی عەسکەریەوە :

لەرووی عەسکەریشەوە هەروەک لایەنەکانی ترلەباتی ریکخستن، لە باتی پەروەردەی شورشگیرانە ،پشیویی وبەرلایی وخوپەرستی وبیروکراتیەت باوبو .لەهەمووی خەراپتر ئەوەبوکەتفەنگ سیاسەتی ( حیزبی ) ئاراستە ئەکرد .واتە ئەو کەسانەدەنگیان زولال بو کەهیزی چەکداریان لەگەلدابو (جگەلەبارزانی وکورەکانی کەخویان سولتەی موتلقیان هەبوو ) لەباتی ئەوەی ( حیزب ) لەشکر و تفەنگەکانیان ئاراستەبکات. بەگشتی لەناو لەشکردا باری پشیویی وبەرەلایی بزوتنەوەکەلەم حالانەداخوی ئەنواند :

١ـ نەبونی یەکسانی شورشگیرانە. پیشمەرگەکان لەناوخویاندا چەندبا ـ بەتیک بون.لەلایەکەوە هەندیک بەشی ( وەکوهیزی هەلگورد ) ئەمانـــە (خواپی داو ) بون شەریان نەئەدی ولەپشتی پشتەوەی دورترین جەبهەدا بون و خواردن و ژیانیکی باشیان هەبووەو بەزوری ئەمانەسەربە خیلــی بارزانی وخزمەکانی بون بەلام لەهەمان کاتدا زورلەبەشەکانی تـــری پ.م خرابونەگەرووی شەریکی ترسناکەوە ،ئەمەفەیناکە ،چونکەپیشمەرگا ـ یەتی مانای چونەناو شەرەوە و هەول دانەبوکوشتنی دوژمن وخورزگـــار کردن بەلام ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیەکە پیشمەرگەکان ئەوانەی گیانی خویان بەخت ئەکردلەهەموو بەشیکی تری کەسانی ناو بزوتنەوەکەبی بەش تر و رەشوروت تر و خیزانەکانیان لەخویان زیاتر سەرگەردانتر بـــون ئەمەراستیەکەزورمان دیمان و زوریشمان لامان ئاسایی بوو چونکەخەلکی راهاتون کە (خواگەورە و بچوکی داناوە ) بەلام نەیانئەزانی کەئەمە ج کاریکی کوشندە ئەکاتە سەر ئەنجامی ( شورشەکەیان ) . وەهەروەها لە هەمان کاتدا فەرمانبەرەمەدەنیەکانی بزوتنەوەکە و سەرکردەزلەکانی لەشکر لە ژیانیکی زور خوشگوزەرانی و رابواردندا بون و خیزانەکانیان لەئیران زورلەجاریانیان خوشترئەژیان وئەمانیش پ.م (بەسکیک تیـــر بون و بەدەبرسی ) .

٢ـ پمانی زەبتورەبتی شورشگیرانە .سەبارەت بەوەی کەبەگشتی شیرازە پچرابو .

٣ـ نەبوونی پلانیکی عیلمیانەی ووردبوگونجاندنی ئەو ئیمکانیاتا ـ

ئەی بزوتنەوەکە هەبوو لەگەڵ ئیمکانیاتی عەسکەری زۆری بەعسەوە ئەمەوتە بونی سەرکردەی لێوەشاوە و شۆڕشگێڕ لە سەرکردایەتی هێزەکاندا وای کرد کە دوژمن لە زۆر شوێنەوە سەرکەوتنی عەسکەری گەورەی بەدەست هێنا تەنانەت بەرەو داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتیەکەیان ئەکشا بۆیە بەپەلەپەل پەنایان بردەبەر ئێران بۆجەکی قورس و خۆبەرا و بەمەش لەلایەکی ترەوە کە لەپچەبەکی نوێ کرایە مەچەکی بزوتنەوەکە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە .

٤- چاک نەگونجاندنی جەنگی نیزامی و جەنگی پارتیزانی دژی دوژمن. وەهەروەها نەگونجاندنی هێرشە پارتیزانەکانیش کە ئەکرا نە سەر شوێنێک .

٥- چەکی چاک (جۆرەکانی تفەنگ) نەئەدرا بەو کەسانەی کە پێویستیەکانی شەڕ و توانای ئەوکەسە شایستی. بەڵکو باشترین تفەنگ ئەدرا بە نزیک ترین خزم یان دۆستی لێپرسراوە گەورەکانی لەشکر و (حزب) .

٦- هەر بەو شێوەیەی کە پلانی سەربازی دوژمن ئەوە بوو دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرێت کە سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی لێ بوو تا وەکو قورسی بکوژێتەوە بۆ ناوچەیەک کە بێ گومان ئەوە لەبەرژەوەندی عەسکەری و ئابوری و سیاسی میریە ،ئا بەو جۆرەش هەر ئەو سەرکردایەتی بزوتنەوەکەش هەموو ناوچەکانی تری کوردستانیان پشت گوێ خستبوو ە شەڕدکەبان وەک چۆن میری ئەی ویست گوێزایەوە بۆ ئەو ناوچەیە .بەرادەیەک هێزە جۆربەجۆرەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان پێشمەرگەیان راپێچ ئەکرد بۆ شەڕی ئەو ناوچەیە ئەگەرچی ئەنجامیش نەیان ئەتوانی دوژمن بشکێنن ومادەی هاتنەپێشەوەی نەدەن یان بەلای کەمەوە نەیان ئەتوانی پلانی چاک دابنێن بۆ شەڕی پارتیزانی تا وەکو دوژمن یەک لەدوای یەک لە شوێنەکانیان هەڵکەنن ئەمەجگە لەوەی کە ئەتوانرا لە هەموو لایەکی کوردستاندا لە دوژمن بدرێت و شەڕی لێ بشێوێنرێت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە هەموو لایەکەوە بێ هێز بکرێت نەک وەک خۆی ئەی ویست بچێتە ناوچەیەک کە خۆی هەڵیئەبژێرێت و مەبەستیە .بۆ نموونە لە ناوچەی سلێمانی چوار هێزی بەجگار گەورە و بەتوانای لێ بوو بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەڵێین ئەو چوار هێزە نەیان توانیوە شەڕی (٥٠٠) پێشمەرگەی ئازا و لێهاتوو بکەن لە ماوەی ساڵێکدا

٧- سەرکردایەتی لایەنی تەکنیکی زاڵ کردبو بەسەردەوری پێشمەرگەدا ....کەواتەبەکارهێنانی چەکی وا کەلەنێوان دوولەشکری نیزامی بدکار بیت ئەمەلەبریتی ئەوەی پیشمەرگە دەوری سەرەکی ببینی...دیارەلەم رایە مەبەست ئەوەنیە کە دەستبەرداری چەکی قورس بونایەنە . بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ندیان ئەتوانی لەرولی ئیمکانیاتی بەشەری تێبگەن ...یان لای کەم لە بەرژەوەندیان نەبوو ...تەنانەت بەکارهێنانی ئەو چەکە قورسانەش هەربوبا راستیی ئەو ناوچەیە بوو کە بارەگای سەرکر-دایەتیەکەی لی بو ...ئەگینا لەهیچ شوێنیکی دی کەی کوردستاندا لەو بابەتەچەکە نە ئەبینرا کەلە دەوری سەرکردایەتی هەبوو .

٨- تی نەگەیشتنی سەرکردە عەسکەریەکان لەهێرشی سلبی و هێرشی ئیجا-بی...تی نەگەیشتن لەبەرگری سلبی و ئیجابی...فێرنەکردن و پەروەردە نەکردنی پیشمەرگە بە گیانی هێرش بردن کومەلیک ناتەواوی عەسکەری بوون باجەکەی لە دوایین دا رولەکانی گەل دایان .

٩- پەروەردەکردنی پ.م بەگیانی ( ارتزاق ) لەباتی ئەوەی بە ناتە سکیش بیت ئامادەی خوبەکوشتدان وقوربانی دان بیت نەک فیری ئەوە بکریت بودەسکەوتی تایبەتی شەربکات چونکە گومان لەوەدا نیە ئەو کەسەی هەلپەبودەسکەوت بکات لەکاتی شەردا ئامادە نابیت بەدل ویە گیان شەربکات چونکە ئەترسیت بکوژریت ودەسکەوتەکانی لەکیس بچیت بویە لە دەیان شەردا ئەمان بینی پیشمەرگەکان ئامادەنەبون چارەکە سەعاتیک بمیننەوە و شەربکەن ئەمەجگەلەوەی کەپیشمەرگەکان روژیان ئەژمارد بو ئەوەی هەلیکیان دەست بکەویت وبچن بوئیران،وەوای لی هاتبوو کەپیشمەرگە بە زوریش لەئوردوگاکان نەئەهاتنەدەرەوە و زوریش وازیان لەپیشمەرگایەتی هینا و لەوئوردوگایانەمانەوە . ئیمە ناما-نەوی دەوری پالەوانانەی پیشمەرگەکان وون کەین وەئەگەرهەج کەمو کوری و هەج نالدباریەکیان هەبوبیت هەمووتاوانەکە لە ئەستوی سەر-کردایەتیە عەشائیریەکە و بەناو ( حیزب ) ەکەی وسەرکردەکانی ترەوە ئەمەش ئەگەریتەوە بو هەمان ریبازی ناراستیان کە لە پیشەوە باس-مان کرد .

ئەمانە و چەندین زاهیرەی تری تەنزیمی و عەسکەری زورلەتواناى لەشکری

کەم کردبووەوە و ئەمەش کاری کردبووە سەرمەعنەویاتی ئەوخەلکەی بزیک دەسەلاتی دوژمن بوون .

ئەمە بەگشتی ئەوبارەی بزوتنەوەیەکەی پیشووتیا بوو بەتایبەتی دوا سالی بوونی پیش ئاش بەتال بەم جورە بزوتنەوەکە کلوربووبوو ناوەروکی شورشگیرانەی تیا کوژرا بوو لەباتی ئەوبیگانەپەرستی و بەرەلایی و دزی و درۆزنی و راکردن بالی بەسەرا داکیشا بوو .

کەواتە هوی بنچینەیی ئەمانەبوون کەبوبونەهوی لاوازبوون و لەبەری دەرچونی بزوتنەوەکە وە ئەوەیکە زور کەس بە ( هەرەتی هیز)ی ئەزانیت هەرەتی بی هیزی وبوچەلی بووەکەوتنەکەی باشترین بەلگەیە بو ئەم راستیە ،زورهەیە ئەلیت ئاش بەتال ناچاری بوو وهیچ چارەیەکی تر نە مابوو، راستەهیچ چارە نەمابووچونکە لەوەوپیش کاریکی وا کرابوو (وەکو باسمان کرد ) کەجلەوی بزوتنەوەکە بەدەستگەلەوە ـ تەنانەت بارزانی خوشیەوە ـ نەمابووبویە چارنەبو .وەهەرلەو کاتەدابوو واتە سالی ١٩٧٥ کەفیتنام سەرکەوتنە مەزنەکەی بەدەست هینابوبزوتنەوەی کوردشکا و بزوتنەوەی گەلی فیتنام سەرکەوت لەبەر ئەوەی مەلامستەفا بەو جورەی باسمان کرد سەرکردایەتی ئەکرد و لەفیتنام تەواو بە پیچەوانەی مەلاوە ریبازی شورشگیرانەی راستیان گرتبو :ـ

١ـ حیزبی پیشرەویان هەبوو بەپیی تیوری شورشگیرانە حیزبەکەیان دروست بوو وەسەرکردایەتی ئەکرد .

٢ـ لەباتی کپ کردنەوەی دەنگی شورشگیرانەوپیشکەوتنخوازانە وەکو مەلا پیرەوی ئەکرد لەڤیتنام دەنگی کونەپەرستیان کپ کرابووەوە و هەموو هیزی شورشگیر و پیشکەوتنخوازە نیشتمان پەرەوەکان لەبەرەیەکی یەککرتودا کوببونەوە و لەلایەن حیزبی پیشرەوەوە سەرکردایەتی ئەکرا .

٣ـ ـ بیش هەموو شتیک ڤیتنام پشتی بەتوانا و ووزەی گەلەکەی خوی بەستوەئینجا بە یارمەتی دەرەوە بەپیچەوانەشەوە مەلاپشتی بەدەرەوەکی دوژمن بەستبو نەک بەتوانای گەل .

ئەمەیە بەکورتی جیاوازی نیوان بزوتنەوەکەی پیشو و بزوتنەوە شورشگیرانەکەی ڤیتنام وەئەوەی ئەم جیاوازیە گەورانە نەبینی مانای

ئەوەیە هەرلە مەسەلەی شورش ئیستاکات وئەوەی هەول ئەدات بیکات
ئەوا بیەوی ونەیەوی ئەبیتە کابرایەکی ناشورشگیر و کونەپەرست
وە کەلەکەسمان ئەگەر وار لەبیرکردنەوەی کون ورزیو نەهینیت و ئەو
ریبازە چەوتەی کەبارزانی ئیستاش نوینەرایەتی ئەکات ریسوا نەکات
و ریبازی نویی شورشگیرانە نەگریت هەرگیز بەتەمای سەرکەوتن نە
بیت ویاخوی ئامادە بکات ئەوەی تاونا ویک، سەرکردایەتیەک ریبا ـ
زیکی وەک ئەوەی بارزانی بکەویت وهەر چەندسال جاریک لە هەلدیریک
بخریتە خواری ولەناو ببریت، ئیستاش بارزانی وازی نەهیناوە خوشی
نەمینیت هەیە لەدوای ئەو ئالا شرەکەی بەرزکاتەوە و دورنیە لە پر
ببینی کە پارتیەدا روخاوەکەی مەلا زیندو بکریتەوە و چەند گەوجیک
وساویلکەیەک بکەونە دەهول و زورنا لیدان (بو پیشەوە بارزانی)
ئەمە . هەموو گەلی کوردستان وریا ئەکەینەوە و داوایان لی ئەکەین کە
ئازایانە بی سلمینەوە ئەو ریبازە داروخاوە نەگرنەوە وە بەپروپا ـ
گندەی چلکاوخورەکانی مەلاو ئیران وئەمەریکا ـ هەلنەخەلەتینەوە .
مەلا لەژیر هەر بەردەیەکدا بیتەوە مەیدانی (کوردایەتی) هەر مەلا
مستەفایە و هەر ئەوە ریبازی ئەبیت کەدیمان چون لەپاش (١٤) ساڵ
قوربانی دان ومال ویرانی گەلی کوردی گەیاندی ئەبی چی باشتری لی
چاوەروان بکری، ئیمە لەکاتیکدا کەجەماهیری گەلی کوردستان ئاگا ـ
دار ئەکەینەوە وساماکی وبی هودەبی وریبازی کونەپەرستانەی
ئەخەینە بەرچاو داوایان لی ئەکەین کەدریژە بەتیکوشانیان بدەن،
بەسەر ریبازی شورشگیرانەی پیشکەوتوخوازدا کوببنەوە و لە دەوری
ئالای خەباتی شورشگیرانەی کومەلەمان وتیکوشن لەپیناوی گەشەپیدانی
کومەلەدا بەرەو دروست کردنی حیزبی پیشرەوی چەکدار بە تیوری
شورشگیرانە لەپیناوی بزوتنەوەیەکی شورشگیرانەی فراواندا بەرەو
بەدی هینانی ئامانجە نزیک ودورەکانماندا بەرەو لەناو بردنی
هەموو جورە زلموزور و چەوساندنەوەیەک ،کومەلەمان ریکخراوی جەما ـ
هیری چەوساوەی کریکاران وجوتیاران وکاسبکاران وروشنبیرانی
شورشگیرە ، چەکی کاریگەری خەباتیان بەرەو بەدی هینانی ئەوژیانەی
ئاواتی پیوە ئەخوازن یا فراوانترین جەماهیری گەلەکەمان یەک گرن

لەسەر ریبازی شورشگیرانە سرون بو پیشەوە بەرەو دوا روژی روناک .
ریسوا بیت ریبازی کونەپەرستانە .
بمریت دوژمنانی شورشی زەحمەتکیشان .
با هەر بەکاوە بیت ئالای شورشی زەحمەتکیشان بو پیشەوە بەرەو بەهیز کردن و گەشەکردنی کومەلە و بەدی هینانی حیزبی پیشرەو .

کومیتەی هەریمەکان
ک . م . ڵ . ک
ناوەراستی مارتی ١٩٧٦

# پەیڕەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان

<u>یەکەم</u> : دەستە چەکدارەکان چۆن پێک دێن .

هەر دەستەیەک لە ٨ – ١٢ کەسی چەکدار دروست ئەبی. وە هەموو دەستەیەک پێک دێ لە :

أ – لێ پرسراوی عەسکەری (ل.ع) یان (ئامر مەفرەزە) .

ب – رابەری سیاسی ( ر.س ) .

ج – جێگری ل.ع کە لەلایەن ل.ع و ر.س ـەوە دەست نیشان ئەکرێت وە لە کاتی غیابی ل.ع دا لێ پرسراو ئەبێت .

د – پێشمەرگەکانی دەستەکە .

<u>دووەم</u> : پەیوەندی ناوخۆی دەستە

أ – پەیوەندی نێوان (ل.ع) و (ر.س) .

(ل.ع) لێ پرسراوە بەرامبەر هەموو کاروباری عەسکەری . بەلام لە هەمان کاتدا لایەنی سیاسی پشت گوێ ناخات وجوی ناکرێتەوە لە ئیشە سیاسیەکان وئەبی بەشداری هەموو جموجولێکی سیاسی وڕێکخستن ببێت ولەم ڕووەوە یارمەتدەری (ر.س) بێت . وە (ر.س) یش لە کاتێکدا کە راستەوخۆ لێ پرساوە بەرامبەر کاروباری سیاسی وڕێکخستن لە ناو دەستەکە ولغنا و جەماهیردا لە هەمان کاتدا جیا نیە لە هەموو ئیشێکی عەسکەری دەستەکە ، واتە (ر.س) ئەبێتە یارمەتدەری (ل.ع) لە کاروباری عەسکەریدا وە بەگشتی هەموو بڕیار ڕێک وپیلانێکی ئیشکردن بە کاروباری عەسکەریشەوە لەلایەن هەردووکیانەوە ئامادە بکرێت وبڕیاری لەسەر بدرێت پاش لێکدانەوە و ئالوگۆڕ کردنی بیروڕا لەگەل یەک بەگیانێکی هاوڕێیانەو دلسۆزانەوە . بەلام لە کاتی شەڕدا (فی اثناء المعرکە) فەرمانی (ل.ع) ڕجێ بەجێ ئەکرێت .

کوردستانپۆست

ب – پەیوەندی نێوان لێپرسراو و پێشمەرگە :

پێشمەرگەکان ئەبێ فەرمانەکانی لێپرسراوی عەسکەری بێ چەندوچوون جێبەجێ بکەن وکوو رابەڵی هەموو فەرمانێکی تریش کەلەلایەن ل.ع و ر.س دەرئەچن . بەلام لەهەمان کاتدا جیاوازی لەنێوان سەرکردە و پێشمەرگەدا نییە لەوەدا ئەبێ کەسەرکردە ئەرکی لێپرسراویێتی لەئەستۆیە لەبەر ئەوەنابێ سەرکردە خۆی لەپێشمەرگە جیا بکاتەوە لەخواردن وجل وبەرگ و هەموو شتێکی تری ناودەستەکەدا .

پەیوەندییەکانی نێوانیان ئەبێ لەسەر ئەساسی هاوڕێیانە و برایانە داپمەزرێت وهەموو گیانێکی عەشایریانە و بورجوازیانە لەهەر یەکێکدا بنبڕ بکرێت . وەهەموو پ.م یێک بۆی هەیە سەربەستانە رای خۆی دەرببڕێت .

هەموو یەکێک لەدەستەکەدا لەرێی رەخنە و رەخنەلەخۆ گرتنێکی راستەوە هەلە و کەموکورییەکانی خۆیان وهاوڕێکانیان چاک بکەن وە هەر یەکێک لەم ریبازانە دەربچێت وەیان سەرپێچی لەفەرمانەکانی سەرووتری خۆی بکات سزا ئەدرێت .

هەموو بڕیارێکی گرنگ بەتایبەتی پلان دانان بۆ شەڕ تەنها ل.ع و ر.س یان لەگەل یەکێکی تری ناودەستەکە ئاگادار بن بەلام پێویستە کەنزیک نەبنەوە لەشوێنی جێبەجێ کردنی عەمەلیەکە پێشمەرگەکان ئاگادار بکرێن و پلانەکەیان بۆ روون بکرێتەوە . پاش کردنی هەر عەمەلیە و شتێکی تر پێویستە موناقەشەی لەسەر بکەن و لایەنە باش وخراپەکانی دەست نیشان بکەن .

ج – کاری رۆشنبیری ناودەستەکە .

یەکێک لەئەرکەکانی رابەری سیاسی دەستەلەدەستەکاندا بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری پێشمەرگەکانە لەبەرئەوە ئەبێ رابەری سیاسی بایەخێکی زۆربەملایەنەبدات لەرێی خوێندنەوە و شی کردنەوەی نووسراوەکانی رێکخستن بە

وبونەوە و موبا قەشاتی روژانەوەهەول بدریت هەمووبە ـ
کیکی نەخویندەوار لەدەستەکەدا فیری خویندەواری بکریت .

سی بەم: بەیوەندی نیوان دەستەوجەما هیر .

ئەبی هەمووبیشمەرگەیەک وا بیرکاتەوەکەئەوچەکەی تەنها بوخزمەت کردنی جەماوەروزگا رکردنیان لەهەموو جـــورە چەوساندنەوەیەک کردوتەشان.بەهوی بیرکردنەوەی چەوتی ناوبزوتنەوەکەی پیشو وهەلسوکەوتی زورسەرکردەو کادر و پیشمەرگەی ئەوبزوتنەوەیەکاریکی وایکردبووکەتـــا رادەیەک خەلکی لەوانەوەرس بوبون و بەچاویکی‌خوشەوستی ئەوتووەتەماشای ئەوسەرکردەوکادروپیشمەرگەیان‌نەئەکرد بویەهەموویەکیکی دەستەکانی ئیمەبەکردەوەی راست ئەوە لەمیشکی خەلکیدا بسرنەوە وە بوئەمەش ئەمخالانەی خوارەوە ئەبی بەیرەوی بکرین :

١ـ بیشمەرگەی راستەقینەئەبی نمونەی رەوشتوخوی جوان بیت وبەپـیی توانایارمەتی خەلکی ( بەتایبەتی جوتیاران) بدات .
٢ـ هیچ ئەرکیک نەخەنەسەرخەلکی بونمونەئەوپیخەفانەی تیا ئـەنوی وەیان هەرکەلوپەلیکی تری ئەوشوینەی لیی ئەبیت هەلی بگریتـەوە و بیخەیتەوەشوینەکەی خوی .
٣ـ هیچ شتی نابی لەجوتیاران وخەلکی ترزەوت بکرین وەهەرشتیکـیان کری نرخەکەی بەتەواوی بدری بەخاوەنەکەی.
٤ـ هەرشتیکی خواستەمەنی کەوتەلابیداتەوەبەخاوەنەکەی وەهەرکەلـوـ پەلیکی جوتیاران وخەلکی ترخراب یان لەناوبرا ئەبی بویان ببژیری.
٥ـ ئەبی دەست پاک وراستگوبیت لەرەفتاروقسەکردندا لەگەل جوتیاران و خەلکی تردا .
٦ـ ئەبی بایەخ بەپاک وتەمیزی خوی وخەلک بەگشتی بدات .
٧ـ رووئەکاتەهەرناوچەیەک ئەبی بەپیی نەریت و(تەقالید)ی ئـــەو ناوچەیە بەجاوبکات .
٨ـ پیشمەرگەپاریزەری مان و مافو شەرەفی هەموو گەلە .لەبەرئەوەئەبی ئەوپەری دەم پاک وبەرەوشت بەرزبیت

کوردستانپرێس

چوارەم: کاری سیاسی دەستەکان لە ناوجەماهیردا

ڕێبازی کاری سیاسی دەستەکان لە ناوجەماهیردا بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەبن :

١- هوشیارکردنەوەو راپەراندنی جەماهیر و لە هەنگاوی یەکەمدا مەسەلەی (تعریب وتهجیر) بوئەکەینە منطلق بو بزواندنی هەستی نیشتمان پەروەرانەی جەماهیر و مەترسیەکانی ئەو سیاسەتەی دوژمنیان بو روون بکرێتەوە ولەمەوە وردەوردە بچین بو مەسەلە سەرەکیەکان وەکو هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد کە باوەری تەواومان بە هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد هەیە ولەسەرووهەموویەوە مافی بریاردانی دواروژ و چارەنوسی لەلایەن خویەوە لەگەڵ ئەمەدا ئەمەیان روون بکرێتەوە کە خەباتی ناوکوی کورد و عەرەب و هەموو نەتەوە بچوکەکانی ترامان لە عیراقدا زامنی سەرکەوتنی هەموو گەلی عیراقە گەلی کوردمانەوە و هەروەها روون بکرێتەوە کە خەباتی گەلەکەمان بەشێکە لە خەباتی گەلانی جیهان وسەرکەوتنی هەریەکێکیان سەرکەوتنە بوهەمووگەلانی جیهان.

٢- هەوڵی رێکخستنی ریزە شورشگیرەکانی گەلەکەمان ئەدەین لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانیدا بەمەرجی پاراستنی سەربەخوی رێکخستن و فکرو ئایدیولوجیمان ولەبەرنچینەی دیموکراسیانەوی بالدیدستوی نادوستانە ریزەکانی خومان فراوان ئەکەین.

٣- دوژمنایەتی هیچ لایەک ناکەین. جا ئەو لایە حزبێک بێت یان دەوڵەتێک ئەوانە نەبن کە دوژمنی راستەوخوی گەلەکەمان و بزوتنەوە شورشگیرانەکە بن یان وەکو حیزبە کارتونیەکان کە کلکی دوژمن. لایەنەکانی ترکە ئێستا هەڵوێستێکی وایان هەیە کە ناراستەوخو لەگەڵ دوژمن یەک ئەگرنەوە هەوڵ ئەدەین کە بەلای گەلەکەماندا رایان بکێشین جا ئەمانە حیزبێک بن یان دەوڵەت وەیان کەسانی ناوجەماهیر. بەڵام هەرلایەنێک بەیەکجارەکی بەلای دوژمندا بکەوێ ئەوا ئەوکاتە حیسابی دوژمنی بوئەکەین.

٤- ناکوکیەکانی نیوان گەل یەکتی وناکوکیەکانی نیوان هێزە شورشگیرە پێشکەوتنخوازەکان بەتایبەتی راست چارەسەر بکەین کە بێ گومان هەمووی ئەمرو ناکوکی سانەوین وئەبێ لەم پلەیەی خەباتماندا دژی دوژمنی راستەوخو سەرەکی بەشێوەیەکی دوستانە چارەسەر بکرێ.

ه‍- بەهوی ئەوزروفەوەکەدوای ئاش بەتال هاتەپیشەوە وەپاش گەراندـ
نەوەی دامودەزگاکانی میری بوناوچەکانی کوردستان دوژمن کەوتـــە
ئەوەی کەخەلکی بەزەبروترساندن بکەنەبەعسی وپیاوی خویان وەبەتاـ
یبەتی زەبری زوریان لەسەرکویخادی وپیاوەدیارەکانی تری لادی بـــو
ئەوەی معلوماتیان بوکوبکەنەوەودەوری جاسوسیان پی ببین ئیمەبەراـ
مبەرئەم کەسانەئەبی لەسەرەتاوەهەلویستیکی نەرممان هەبی وەنەبـی
یەکسەرموری تاوان وخەیانەتکاریان لی بدەین وهەولی لەناوبردنیان
بدەین بەلکوبەپیچەوانەوەکاتیک ئەچینەناویانەوەوایان‌تی بگەیەنیـن
کەئەوانەبەپیاوی خەراپ نازانین وەهەول بدەین کەراستی سیاسەتـــە
تاوانکاریەکانی میریان بوروون بکەینەوەبەتایبەتی سیاسەتی تـەـ
هجیروتەعریب ومەترسی بوسەرئەوانیش وەتییان بگەیەنین کەمیری هەمو
کوردی بەیەکچاوتەماشا ئەکات وەلەبەینی رەش‌وسپیدا جیاوازی ناکات بەم جورە
هەولی راکیشانیان بدەین بەلای گەلدا .خوئەگەرلەوانەتیایاندا هەبوو
کەبەدل وبەگیان لەگەل دوژمندا بووەوهەرسوریش بوولەسەرئەوهەلـوـ
یستەی ئەواهەول ئەدەین کەلەبەرچاوی خەلکی دییەکە قسەی لەگـــەل
بکەین بەلکوبیگیرینەوەبوسەرریی راست ئەگەردیسان وازی نەهینائەوا
سزای تاوانکاری خوی وەئەگەربومان کرا لەبەرچاوی خەلکی دییەکـــە
محاکەمەبکریت وسزا وەرگریت .
ئەبی دووربینانەسەیری هەموئەم‌مەسەلەووردانەبکەین وباش هەلـسـیان
بسەنگینین وەئەبی زوربەوزەبین وزروفی ناخوش وهیلاکی وبرسیتـــی و
تەنانەت دژایەتی کردنیشمان لەلایەن هەندیک خەلکەوەوامان‌لی نەکـات
کەبکەینەئەوەی بریاری خیراونا راست بدەین لەسیاسەتەراستەکانی خوـ
مان لابدەین ئەم سیاسەتەمان لەبەرژەوەندی بزوتنەوەکەیەوجەماهیرـ
مان زیاترلەدەورکوئەکاتەوە .

<u>پینجەم</u>:هاتنی خەلک بوناوریزەکانمان ((التحاق))

لەبەرئەوەی بزوتنەوەکەمان تەعبیرلەخواست وئامانجەکانـی
گەلەکەمان ئەکات بی گومان خەلکیکی زوردینەریزەکانی هیزە
چەکدارەکانمانەوەوەبوئەوەی <u>یەکەم</u>:ریزەکانی پیشمەرگەبەرـ
دەوام بەرەیک وپیکی زیادئەکەن وگەشەئەکەن. <u>دووەم</u>:بوئەوەی

ریگەلەوەبگرین کەدوژمن ئەگەرئەوەندەگەوج بوو ویستی خەلکی سەربەخوی بنیریتەناوریزەکانمانەوەبوخراپەکاری وتەخریب.

پیویستەلەوەرگرتنی خەلکیدا پەیرەوی ئەم خالانەبکریت:

١- ئەوکەسانەی کەدینەریزەوەولەلایەن هەندی پیشمەرگەی ئیمەوەناسراون ئەبی بەلای کەمەوەهەریەکەیان یەکیک لەوانەی ئەی ناسن تەزکیەبکەن.

٢- کەسێک ئەگەرنەناسراوبولەدەستەکەورێکخستنی ناوچەکەوەگەواپیشەکی تاقیی ئیستاوراوبوردوی بکریت بۆدلنیابونی تەواو لەپاکی ودلسوزی ئەوکەسەوەبوشی روون بکریتەوەکەئەوتاقیب کردنەشتیکی پیویستە.

٣- آ. ئەگەرکومەلیک ((لە٣سی کەس زیاتر)) بەیەکەوەهاتنەریزەوەئەوا خالی یەکەم یان دووەم بەپیی ناسراوی ونەناسراوی پەیرەوئەکریت تەنیالەحالەتیکدانەبیت ئەگەرلیپرسراوەکەیان وەیان هەموویان لای ریکخستن ناسراوبن.

ب. لەرووی ریکخستنی عەسکەریەوەئەوکومەلانەدابەش ئەکرین وەیان ئەگویزرێنەوەوەیان ئەوکارەیان پی ئەسپیرریت کەبەرژەوەندی شورش ئەیەویت وەئەبی ئەوانەی دینەریزەوە بەوەقایل بن.

ج. لەم حالەتانەدا ئەبی ئاگاداری لیژنەی سەرکردایەتی دەستە چەکدارەکان بکرین.

٤- بەپیی زیادبونی ژمارەی پیشمەرگەو ((چەکدار)) وەبەگویرەی پیویستی هەرناوچەیەک دەستەی نوی دروست ئەکریت ولیژنەی سەرکردایەتی ئاگادارئەکریت.

ئیتربوپیشەوە

بەرەوسەرکەوتن

لیژنەی سەرکردایەتی

دەستەی چەکدارەکان

حوزەیرانی ١٩٧٦

کوردستانپۆست

# باری ئێستای کوردستان

ئەمە نوسینێکە لەلایەن لیژنەی روشنبیری سەربە سەرکردایەتی ( دەستە چەکدارەکانی راپەراندن ) ە دەرکراوە بو روونکردنەوەی هەندیک مەسەلەی بنچینەیی بزوتنەوەی رزگاریخوازانە گەلان لەقوناغیکی وەکو ئەم قوناغەیا کەبزوتنەوەی گەلی کوردستانی پیدا تیپەر دەبی وەئەم مەسەلانەی دەربارەی پایەکانی شورش باسیان لیکراوە سەبارەت بەوەی کەسەتاقی کردنەوە لەلایەن دەیان گەلانی ترەوە دەرکەوتوە راستن وئەو گەلانە لەم روەوە سەرکەوتنیان بەدەست هیناوە بوتەتە پاسای گشتی واتە بونەتە ری پیشاندەر و روناککەرەوەی ریگای ئازادی گەلانی وەکو ئیمە کەبەردەوامن لەخەباتدا لە پیناوی رزگارکردنی خویان ونیشتمانیان لەستەم و زور و داگیرکردن . گرنگ لیرەدا بدتەنیا تی گەیشتنی ئەم یاسا گشتیانە نیە بەلکو ئەوەش گرنگە کە بزانین چون لەگەل باری تایبەتی ولاتەکەی خوماندا ئەیانگونجینین چونکە هەر ولاتە باروزروفی تایبەتی خوی هەیە و هەر ولاتەش ئەبی بەپیی ئەو باروزروفە تایبەتی بەی خوی یاسا گشتیەکانی شورش جی بەجی بکەن . بویە پیویستە جەماهیری شورشگیری گەلەکەمان لەم مەسەلانە و لەباروزروفی تایبەتی ولات وقوناغی شورشەکەی بگەن وبەباوەرەوە پشتگیری بەدیهینانی راستیان بکەن.
دەستە چەکدارەکانی راپەراندن ئەمرو ئەم ئەرکە پیروزەیان کەوتوتە ئەستو کە راستی روونکردنەوە و راپەراندن وسازدانی کومەلانی خەلکە بو خەباتی چەکداراندن .

## ١- باری ئیستای کوردستان

هەرچەندەگەلەکەمان هێشتا ڕۆژێکی وای بەخۆیەوەنەدیوەکەخۆری ئا-
زادی وکامەرانی ژیانی ڕوناککردبێتەوەودڵنیابوبێت لەوەی کەخۆی حاوەنی
دواڕۆژی خۆیەتی ولەچەوساندنەوەوستەم وزۆروزگاری بوەبەلام لەگەڵ ئەوەشدا
گەلی کوردلەکوردستانی عیراقدا هەرگیزدوچاری ئەم رادەتوندەی چەوساندنەوە
وستەم وزۆرنەبوەکەئیستا لەلایەن حکومەتی بەعسی شوفینی‌یەوەدەرحەقی ئەکرێت
هەرچەندەرژێمەکانی پێشوی عیراق کۆنەپەرست بوون بەلام هەرگیزئەمسیاسەتە
چەپەلەی کەئەمرورژێمی بەعسی فاشیست بەناوی پێشکەوتنخوازی ودوژ-
منایەتی ئیمپریالیزم وزایونیزمەوەلەکوردستان جی بەجێی ئەکات
هیچ حوکمەتێکی ترپەیرەوی نەکردوە.

حکومەتی بەعسی شوفینی کەئەمسیاسەتەچەپەلانەبەرامبەرگەلی کورد
جی بەجی ئەکات جگەلەوەی کەسوودی لەباری دەولەتان ودەولەمەندی
وولاتە وەزگرتوەلەلایەکی تریشەوەفرسەتی لەوەهێناوەکەبەحسابی خوی
پاش هەرەسەکە (ئاش بەتال) مەیدانی بوچول بوەوخوی تاکەسوارەرمباز-
ینیەتیا ئەکات وگەلی کورد ووزەی ئەوەی تیانەماوەکەبتوانێت بەرگری لە
مافی خوی بکات وخەلکی نیشتمانەکەی لەچنگی خوینا ویان رزگاربکات
بویەبەعسی فاشیست لەپاش ئاشبەتالەوەزوربەگورجی وبەپەلەکەوتەجی
بەجی کردنی نەخشەگلاوەکانی لەکوردستاندا .بی گومان ئەوەشمان لە
بیرەکەبەعسیەکان تەنانەت لەکاتیکشدا لەگەل(پ.د.ک)وبارزانیدا
هاوپەیمان بوون وەلەوماوەی چوارساڵەداکەئەبوحوکمی زاتی لەکورد-
ستانداجی بەجی بکەن.کەچی هەرلەوماوەیەداسیاسەتەکەی بەرامبەر
گەلەکەمان بەردەوام بوو.هەموئەزانین کەکوچ پی کردنی وداگیر
کردنی زەوی وزارو مالیان لەناوچەی کەرکوک وخانەقین وشەنگارزور
شوینی ترلەوکاتەشداکراوەجگەلەدەرکردن وگواستنەوەودورخستنەوەی
سەدان کریکاری نەوت لەکەرکوک هەروەها دەرکردن وداگیرکردنی سامان
ومالی هەزاران کوردی فەیلی لەعیراق.ئەوانەهەمونیشانەی ئەوەن:-

یەکەم : بەعسی فاشیست ئەمروکەئەمەبەرامبەرگەلی کوردئەکات ،
شتیکی نوی نیەبەلکوشوفینیزم وفاشیزم جەوهەری بیرکردنەوەیانە
بەلام ئەوەی کەئیستا زیاتروتوندترئەوسیاسەتەپەیرەوئەکات بەئاشکرا

کوردستانپێدیا

لەوەوەیەوەکو ووتمان کەخوی بەتاکەسواری مەیدان ئەزانی.

__دووەم__ : ئەوەیەکەکاتی خوی هیزەبەتوانا ودەسەلاتدارەکانی کوردستان
(بەتایبەتی لەوچوارسالەدا ـ پ.د.ک ـ ئەوەندەی توانای جەماهیری
وعەسکەری وپشتگیری دەولەتانی هەبووکەبتوانیت زیاتربەتوندی بەـ
رامبەرئەونەخشەوسیاسەتانەبوەستی وبەری لی بگریت ).

سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردوئاوارەکردنی هەزاران خیزانی کورد و
هەلکەندنیان لەخاکی نیشتمانیان وزەوت کردنی مال وسامان وزەویان
بوتەمەترسیەکی گەورە نەک هەرلەسەرمافەنەتەوایەتی‌یەساکارەکانمان
بەلکو بوتە مەترسیەکی گەورە تەنانەت لەسەر مانی نەتەوایەتیمان .
بۆیە گەلی کورد ئەبی پێش هەمووشتێک دفاع لەمانی نەتەوایەـ
تی خوی بکات وەخەباتمان ئەمرو لەپیناوی ئەمەدایە وە هەروەها لە
پیناوی ئەوەدایە کەدوا روژیکی روناک بوگەلەکەمان بینینەدی ، دواـ
روژیک کەبەسەربەستی وکامەرانی لەنیشتمانی خوشەویستی خوماندا
بژین بی ترس ولەرزی کەوتنەوە دوخیکی وەکو ئیستا .

دوژمنی نەتەوەکەمان ریگای مروفانەودیموکراتیانەوراست گویانە
ناگریت نەلەدوژمنایەتیەکەیداونەلەدوستایەتیەکەیدا ."لەسەرەوە باسمان
کردکەفاشیزم شوفینیزم پایەی سەرەکی بیرکردنەوەوبونی دەسەلاتەکەی
وەهەمووشتیکی لەپیناوی هیشتنەوەی دەسەلاتی خویەتی لەبەرئەوە
(لەبەرئەوەدوژمنی گەلەولەهەمان کاتیشدا ئەیەوی حوکمەکەی بەردەوام
بیت) __راستگونابیت__ بەلکوریگای فیل ودرو وخەلەتاندنی گەل ئەگریتە
بەرکەمەیدان بەچول بزانی نەخشەچەپەلەکانی جی‌بەجی ئەکات بەلام
کاتیک هەست بکات کەلەلایەن گەلەوەهوشیارانەوبەرابەری ریکخستنیکی
نیشتمان پەروەری راست بەرگری هەیەدژی ئەونەخشانەدوورنیەبە__شیوە__ـ
__یەکی کاتی__ تارادەیەک نەخشەکەیان بوەستینن وواپیشان بدات کە
دەستی لی هەلگرتووە .

بەلام لەحالەتیکی وادائەبی هوشیاربین وئەوراستیەمان هەرگیزلەیاد
نەچی کەئەوەش بەشیکەلەنەخشەدوورخایەنەکەی وتەنیابوئامرکاندنەوەی
هەلچون وبزوتنەوەی جەماهیروساردکردنەوەی خەلکی لەخەباتیان لە
پیناوی ئامانجەکلیەکانیاندا .لەبەرئەوەهوشیاربی جەماهیری گەل بربرەی

پشتی بزوتنەوەشورشگیرانەکەیە تەنیا بەخەباتی هوشیارانەئەتوانرێت نەخشەکانی دوژمن پوچ بکریتەوەوبەرەوسەرکەوتن برویین.

بوئەوەی کەلەدەست چارەنوسێکی رەش رزگارمان ببێت ئەبێ رِی لەوە بگرین کەنەخشەکانی دوژمن سەربگرن ئەونەخشانەی کەدوژمن تائێستا توانیویەتی بەشیکی لی جی بەجی بکات وەکوئەوهەزاران خیزانەی کە سال زیاترەلەخوارووی عیراق قەتیس کراون ولەساکارترین مافیان بێبەش کراون ومال ومنال ودوارۆژیان والەچنگی دوژمندا ولەژیانیکی کولەمەرگیدا ئەژین جگەلەکوچ پی کردنی هەزاران خەلکی ترلەکوردستانەوە ـ بەتایبەتی لەناوچەی گەرمیان وناوچەی بادینان ـ وە پرکردنەوەی شوینەکانیان بەعەشائیری عەرەب پاش داگیرکردنی زەوی و ئاو و مال وتەنانەت کەلوپەلیان ئەمە جگەلە پی شیل کردنی ئەو بریارانەش کەحوکمەتی بەعس خوی لەژیر زەبری خەباتی دەربارەی خویندن و مافە روشنبیریەکانی کورد دابوی ئیستا نەک هەر لیيان پاشگەز بوتەوە بەلکو زیاتر بەرەو دواوەش بردونی بوئمونە زور قوتابخانە کەپیش دەرچونی ئەو بریارانە بەکوردی تیایاندا ئەخویندرا ئیستا بە زورکردن لەکەس وکاری قوتابیەکان بەجورەها شیوەی ناڕەوا وپیس زور لەقوتابخانەکانی لادی کانیشیان کردوە بەعەرەبی ولەپال ئەوەشدا قوتابیەکان بەبیروباوەرە بوگەنە شوفینیەکانیان فیرئەکەن لە لایەکی تریشەوە لەسەرانسەری کوردستاندا لەلادی وشارەکاندا هەموو کوردیکی پاک وبەشەرەف ونیشتمان پەروەر توشی ستەم و زور و رەفتاری ناشیرینی پیاوانی میری بوون و هەموساتیک چاوەریی ئەوەئەکەن کە کاریکی خراپیان دەرحەق بکریت تارادەی دەست دریژکردن بوناموس و شەرەفی خەلکی وروتاندنەوەیان وتوش کردنیان بەهەر بیانویەکەوە ببێت .

بەمجورەکوردلەژیانیکدا ئەژی ولەباریکی واناهەموارداپەکەلەهەلبژاردنی یەکیک لەدوو ریگا زیاترهیچی تری بونەماوەتەوە . . یا ئەوەتا بەم ژیانەقایلبیت وبەوەش قایل نبیت کەروژدوای روژ ژیان وگوزەرانی بەرەوناخوشتربروات وسەرەرای ئەوەش نیشتمانەکەشمان لەدەست بچی . . وەیان ئەبی بریاربدات کەلەسەرخەبات بەردەوام ببیت وزیاترگوربو

تیکوشانی شورشگیرانەی بدات بوئەوەی بەیەکجارەکی لەچەوساندنەوەو ئەمان رزگاری بیت .بی گومان هیچ گەلی ئەبوەونیەکەریگای یەکەمی هەلبژاردبی وەگەلی کوردیشمان هەرگیزلەمیژوویدائەوریگایەی هەلـ ئەبژاردوەبویەتاکەریگاکەئەمرولەبەرمانەتەنیا ریگای خەباتی شورـ شگیرانەیە .

## ٢ـ بەرەوشورشێکی شێوەنوێ

ئەوەتائەمروئەوتاکەرێیەی لەبەردەمانایەئەیگرین ولەسەری ئەروین ریگای خەباتی شورشگیرانەی راستەقینەیەئەوتاکەریگایەی کەئەمانـ گەیەنیتەئامانج .هەرچەندەوەکوئاشکرایەخەباتی شورشگیرانەیگەلەکەـ مان ئیستایەکەمین هەنگاوی نانیت بەلکوئەم هەنگاوانەیوائەیانین بەرەوپیشەوەئەلقەیەکن لەزنجیرەیەک کەسالانی دوور ودریژی تری پیشوی خەباتی گەلەکەمان وەگەشەکردن وبەرەوپیش چونی بزوتنەوەی نیشتمانی رزگاری کوردستان هەرلەکونەوەتائەمروبەشیکی گرنگ وپرشانـــازیی زنجیرەی میژووی‌خەباتمانەولەئیستاشەوەبەم هەنگاوەنوی یانەمان ئەلقەکانی دواروژدائەریژین وپیکیانەوەئەبەستینـــەوە و دواروژ و چارەنوسی گەلی کوردستانی ئەخەینەدەست .

خەبات وپرفیداکاری ومەینەتی سالانی رابوردو وەئەوتاقی کردنـــەوە گرنگ وبەبایەخانەی دەستمان کەوتون کەرەسەی خاوی بنچینەیی دارـ شتنی بناغەی شورشی ئەم جارەمانەهەرگیزناشی نیازی ئەوەمان هەبی کەبزوتنەوەیەکی رزگاری نیشتمانی کەناوەروکیکی پیشکەوتنخوازانەی هەیەولەرووی‌مەوزوعیەوە دوستی بزوتنەوەی گەلانی تری ئازادی خوازە ودژی ئیمپریالیزم وزایونیزم وکونەپەرستیە بزوتنەوەیەک کەئـەمە ناوەروکەکەیەتی ولەم سەردەمەدابەشیکەلەشورشی سوشیالیستی جیهـان ناگری شیوەوریبازەکەی دژبەمناوەروکەبیت واتەبزوتنەوەیەکی وابـە شیوەیەکی کونەباەت وریبازیکی چەوتدا وبەسەرکردایەتیەکی عەشائری هەرچەندهیزی عەسکەریشی هەبیت بەلام سەرناکەویت .

شورشی ١٩٦١ـ١٩٧٥ لەبەرئەوەهەرەسی هینا چونکە شیوەوریبازەکەی لە گەل ناوەروکی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانیدا ناکوک بو .بزوتنەوەیەکی

جەوهەرپیشکەوتنخوازوبەککرتوو لەگەل شورشی گەلانی جیهاندا بەسەرکرـ
دایەتیەکی عەشایری وبیرکردنەوەیەکی تەسک وگوی نەداتەگەل ناگاتە
ئامانجی بویەئەلیین هەرچەندەراستەگەرەنجی سالەها سالی تیکوشانی
خەلکی بەفیرودرا بەلام لەگەل ئەمەشدا ئەوەندەمان لی دەست کەوتووە
کەوەکوتاقی کردنەوەیەک لەیادمان نەچی وەلەوەزیاتربەریگای هەلەو
چەوتدا نەروین،خوئەگەربەهەمان ریبازدا بروین گەلەکەمان توشی کارەـ
ساتیکی گەورەترئەبیت .بەلام ئەگەرهوشیارانەسەیری رابوردومان بکەین
ودەرسی لی وەرگرین ولای چاکوخراپی جوی بکەینەوەوخراپەکان فـری
بدەین وبەچاک بگوربنەوەولای چاکیش بەرەوچاکتربەرین وهەروەها سود
لەتاقی کردنەوەکانی گەلانی تروەرگرین وەبەم جورەریبازیکی نـوێ
دروست وگونجاولەگەل ناوەروکی بزوتنەوەکەبگرین ئەوا سەرکەوتن بـو
گەلەکەمان ئەبیت وئەگەینەئامانجەپیروزەکانمان.

**٣-پایەکانی شورشیکی شیوەنوێ**

گرنگترین مەسەلەلەراستکردنەوەی ریبازوبیرکردنەوەی کوندا کـە
بونەهوی هەرەس هینانی (شورشی پیشو)ئەوەیەکەباش تی بگەین پایەکانی
شورشیک کەبگاتەئامانج،چین؟.لەسەرەوە ووتمانکەبزوتنەوەی رزگـاری
نیشتمانی،بزوتنەوەی زوربەی زوری گەلەکەچینەچەوساوەکان(جوتیاران،
کریکاران، روشنبیرانی شورشگیروکاسبکاران)دەوری سەرەکی وکاریگەری
تیائەبینن بی بزوتنی ئەمان وبەک گرتنیان مەسەلەی سەرکەوتن مەحالە
لەلایەکی تریشەوەئامانجەکانی بزوتنەوەلەجەوهەردا ئامانجی ئەوچیـن
وتاقمەکومەلایەتیانەیەچونکەبەبی رزگاربونی ئەمانلەچەوساندنـەوە
رزگاربونی گەل ونیشتمان مانایەکی نابیت .
کەواتەچین وتاقمەشورشگیرەکان خاوەنی مەسەلەکەن،خاوەنی توانایبە
ئامانج گەیاندن وخاوەنی دوارۆژوبەرهەمەکانی بزوتنەوەی شورشگیراـ
نەی گەلن نەک تەنیا سوتەمەنی بن وبەرهەمەکەش بوئەولایەنەی تربیت
کەتوانای بەئامانج گەیاندنی شورشیان نیەودوارۆژەکەشی بوئەمـان
بیت.وەکوتاقی کردنەوەکەی پیشوکەئەنجامەکەی هەرەس هینان بو.جابو
ئەوەی دیسان بەریبازیکی چەوتدانەروین ئەبی ئەویاساگشتیانەی کـە
پایەی سەرەکی شورشیکی شیوەنوین بەچاکی تی بگەین و وریایانەبـە

بەپێی باری ئێستای کوردستان جی بەجی یان بکەین وەئەم سی خالانەی خوارەوەئەوسی پایەسەرەکی یەن.

### ١- حیزبی پێشرەو

لەمەوپیش زورمان دەربارەی حزبی پیشرەو (پارتی پیشرەو) بیستوە بەلام ئەوەی بیستومانەولەتاقی کردنەوەدا دیومانەئەوحزبەپیشرەوەنین کەئەمروگەلی کوردستان ئەیەویت بوئەوەی ببیتەرابەر و ری پیشانەری مەسەلەی هەرەگرنگ لەشورشدا مەسەلەی بونی تیوریی(النظریە)شورشگیرا-نەیەواتەبونی ئەوبیروباوەرورواننینەدنیایەی کەریگای شورش روناک ئەکاتەوەوبەرەوسەرکەوتن ئەیبات ئەوتیوریەی کەسەدسالزیاترەسەرکردەوماموستاهەلکەوتوەکانی چینەچەوساوەکانی دنیادایان رشتوەولەوکاتەوەکەریبازەکەیان روناک کردوتەوەگەلانی دونیایەک بەدوای یەکدا لەسایەیەوەسەرکەوتنیان بەدی هێناوەولەگەل هەموسەرکەوتنیشیاندا ئەوتیورەقولتر بوەدەولەمەندترکردوەوچەندئەوتیوریەش قولتروەدەولەمەندترکرابیت ئەوەندەی تربوتەهیزیکی کاری گەرتربوهەموگەلان وچینەچەوساوەکانی دونیا لەخەباتیاندالەپیناوی رزگاری وبەختیاریاندا.

حزبیک بوئەوەی حزبی پیشرەوبیت پیش هەموشتیک ئەبی لەسەربنچینەی ئەوتیوریەی دامەزرابیت وهەلگری ئەوبیروباوەرەوبلاوکەرەوەوبەجی هینەری خولقینەرانەی بیت وەبەبی بونی ئەوبیروباوەروریبازەوبی باوەر پی بون وپەیرەوی کردن وجی بەجی کردنی خولقینەرانەی هیچ حیزبیک ئەمروناتوانیت لافی پیشرەوایەتی لی بدات وەبەپیچەوانەی ئەوەوەدرو لەگەل گەلدائەکات وەئەم راستیەیەکیکەلەهەرەگرنگترین تاقی کردنەوەکان لەبزوتنەوەکانی پیشودەست کەوتوە.

حزبیک کەلەسەربنچینەی ئەوبیروباوەرەدا مەزرابیت ئەبی ئەندامەکانی هەلبژاردەی ئەوکەسانەبن کەهوشیارترین وپیشکەوتوترین وبەتواناترین ودلسوزترین وپاکترین کەسانی چینەشورشگیرەکانی گەل بن.

ئەوحیزبەهەروەها ئەبیتەخاوەنی ریکخستنیکی پولایین ویەکگرتوویەک بیرو باوەربیت وتەرازویەکی راست ورەوالەنیوان مەرکەزیەت ودیموکرا-تیدابەپێی زروفی تایبەتی بکات واتەلەکاتیکداکەخوارەوەمل کەچی سەروتری ئەبیت ئەحیزب هەمووی بەپێی فەرمانی سەرکردایەتیەکەی

ئەجولێتەوە وەهەمووبەکێکیش لەحزبدا بوی هەیەسەربەستانەرای خــوی
دەربڕێت بەمەرجێک ئەم رادەربڕینە (ئەودیموکراتیەتە)هیچ کاتێک نە
گاتەرادەی بەرەللایی وگوی نەدانەسەروتروەهەروەها مەرکەزیەتیش ما ـ
نای ئەوەنیەکەهیچ حساب بورای ئەندامان نەکرێت وری نەدرێت بــە
پێشکەوتن وتواناپان بەلام ئەم مەسەلەیەلەحزبی پێشرەوی راستەقینە
دابەئاسانی تەرازووئەکرێت سەبارەت بەوەی کەپێک هاتوەلەکەسانی
پێشکەوتووتی گەیشتوو وخاوەن بیروباوەروزانیاری حزبایەتین وبا ـ
وەریان بەیەکتری هەیەولەکاتێکدا ئەگەرناکوکیەکیش هەبیت ئەوا بــە
ریگای مەبدەئی چارەسەرئەکرێت .

حزبی پێشرەوبوئەوەی لی هاتووانەرابەری گەل بکات ئەبی خاوەن بەر ـ
نامەیەکی کارکردن بیت وبەرونی خواست وپیویستیەکانی گەل ببینیت
ولەکاتی مناسب دادروشمی راست بەرزبکاتەوەوجەماهیری شورشگیرهو ـ
شیاربکاتەوەوهانی بدات بوخەبات وزیکی بخات ورابەری بکات بــەرەو
بەدی هینانی ئامانجەدوور ونزیکەکانی .

ئەمانەمەرجی سەرەکین بودروست بونی حزبی پیشرەوکەبەبی بـــونـــی
حزبیکی واشورش بەئامانج ناگات :ـ

١ـ یەککرتنی هیزەشورشگیرەکانی گەل

ئەمروکەلی کوردستان وەک نەتەوەیەک دوا روژی لەمەترسیدا یەونە ـ
خشەی لەناوبردنی بودانراوە ،ئەرکی سەرشانی هەمووچین ودەستەوکەسە
شورشگیرەکانەکەیەک بگرن وقول بکەن بەقولی یەکتردا وناکوکی نــاو
خویان بخەنەئەولاوەوهەمووتواناووزەیان یەک خەن بوبەربەرەکانـــی
پیلانەکانی دوژمن وبەرگری لەخاکی نیشتمان بکەن وئەمەئەرکی سەرشانی
هەموو یەکیک کەبەتەنگ دوا روژی کوردوکوردستانەوەدیت جگەلەوەش ئەو
پیلانانەی کەبوبەعەرەب کردنی کوردوئاوارەکردن وزەوت کردنی خاکـی
نیشتمانیتی پیلانیکەهەموو چین وکەسیک تیا زەرەمەندئەبیت تەنانـەت
ئەوانەش کەئەمروریکای خەیانەتکاریان گرتووە وبەخەیالی خویان لەم
ریگەیەوەئەتوانن خویان وبەرژەوەندیان بپاریزن .

بەلام ئەوانەبەهەلەیەکی گەورەداچون چونکەئەوریگەیەی ئیستەگر ـ
تویانەئەمرولەسەرحسابی شەرەف وکەرامەتیانەودوا روژیش لەسەرحسابی

کوردستانپرێس

بەرژەوەندی وچارەنوسیان ئەبیت وەئەگەرئەوانەیەک توزێرانەبیر بکەنەوەئەبی بزانن کەهەرئەم بەعسیانەبون دەستی چەندەها کەس و تاقمیان پیش ئەمان کردوەبەزاخدا .جا بویەهیچ بیانویەک نیەکەهیچ کەس وتاقم وچین وریکخراێکی نیشتمان پەروەرخوی لەشورشی رزگاری گەلەکەمان بی دوور بخاتەوە .تەنیا ریگای شەرەف مەنداتەودلسوزانەی راست ئەوەیەکەهەموولەدەوری ئالای شورشی نوی مان کوبینەوەوبەردەوام بین لەسەرخەبات بەریبازێکی نوێدا وبەبیرکردنەوەیەکی راست ورەچاوکردنی دوا روژێکی دوور .

ئیمەباوەرمان بەمەیەوکاری بوئەکەین چونکەئەمەمەرجێکی گرنگەوپایەکی سەرەکی شورشە .بوئیستای کوردستان سەبارەت بەوەی کەنوینەری چین وتاقمەنیشتمان پەروەرەکان(حزبەکانیان)پاش هەرەس هینان بەو شیوەیەی کەئەبوهەبن ئیستانین لەبەرئەوەیەکگرتن ئەبی لەجوارچیوەی (شیوەجەبهە)یەکدا بیت بەشیوەیەکی کاتی تاهەموومەرجەکانی پیک هینانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو دینەدی.وەهەرلیرەوەهەموو ئەو ریکخراووتەیارەسیاسیەنیشتمان پەروەروشورشگیرانەی هەن یەکگرن لەسەربەرنامەیەکی سیاسی گونجاوڵەگەل ئەم بلەیەی ئیستای شورشدا .

ئەمروهەموو دلسوزانی کوردستان هاوبیرن لەوەداکەئەبی گەل ونیشتمانەکەمان لەچنگی دوژمن رزگاربکریت وهەموو ئەوەئەکەن کەدوژمن ئەئەر بواری بدریت هەموو نەخشەچەپەلەکانی بەسەرگەلەکەماندائەسەپینی بویەیەکگرتن لەسەرئەم مەسەلەیەئەبی یەکەم هەنگاوی ئیمەبیت .

ئیمەباوەرمان بەوەنیەکەهیچ لایەک بەزەبروزەنگ بیرکردنەوەوریبازی خوی بسەپینی.باوەرمان بەوەیەکەهەموولایەک لەچوارچیوەی ئەوشیوەجەبهەیەدا بەشیوەیەکی دیموکراتیانەیەک بگرن‌خویان ببەستنەوەبەوبەرنامەسیاسیەی ئەم پلەیەوە هەروەها باوەرمان بەوەیەکەریبازوبیرکردنەوەی راست لەکردەوەی راستدادەرئەکەویت لەنەخشەی راست وجیبەجی کردنی راستداوەگەل خوی ئەبی هوشیارانەریبازوبیرکردنەوەی راست هەلبژیریت نەک لەریگای زەبروزەنگەوە .وەلەم رووەوە تائیستا سەرکەوتنی تارادەیەک باش بەدەست هینراوەوئەونەخشەیەش نوی دانراوەبەراستی جی بەجی ئەکریت ئەوەش کەتایەلی دلکوتی هەلکوولایەکی دلسوزە .

بەلام لەهەمان کاتدا نابێ بوار بدرێت بەهیچ هێزوتاقم وکەس بیروڕای
چەوت وریبازی چەوت کەبەتاقی کردنەوە ئیسپات بووکەناڕاستن وبێ سودن
وەلەئەنجامدا زیانێکی گەورەیان بەگەلەکەمان گەیاندحاریکی ترخویان
بخزێننەناو بزوتنەوەکەوە .بەلام هەرکەسێش ئامادەبێت بەڕاستیەدا
بێ کەریبازی کون وبیرکردنەوەی کون زیانبەخش بوون وهەموو پەیوە-
ندی فکری بپچری وریبازی نوێی شورشگێرانەقبول بکات وکاری بوبکات
بێ گومان کەسێکی واسودبەشورش ئەگەیەنێ .دەبا هەموولایەکیش بەمگیا-
نەوەبینەپێشەوەوخەبات بکەین لەپێناوی گەشەپێدانی بەردەوامی یەک
گرتنمان بەرەوپێکهێنانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو .

### ٣- لەشکری شورشگێر

ئاشکرایەکەلەقوناغی ئێستای بزوتنەوەی شورشگێرانەی گەلەکەماندا
لەشکری شورشگێر ،واتەهێزی چەکداری گەل ،یەکێکەلەپایەگرنگەکانی شو-
رش وبەبێ لەشکرێکی واهیچ ئامانجێک نایەتەدی ،چونکەلەبەرامبـــەر
دوژمنێکی واداخوخەلەتاندنەکەهیوامان بێت دوژمن بەبێ ئەوەی زەبری
بخرێتەسەربشکێنرێت وسەرداتەوێنێ بوخواستەکانی گەل ودەست لەنە-
خشەچەپەلەکانی هەلبگرێت لەبەرئەوەمەسەلەی هاوبەشی کردنی جەما-
هیری شورشگێری گەل لەدامەزراندنی لەشکری شورشگێری نوێی کوردستاندا
ئەرکی پیروزی سەرشانی هەموو چینەشورشگێروکەسەدلسوروپێشکەوتنخوازە
بەتواناکانە .گەلەکەمان خاوەنی تاقی کردنەوەیەکی دەولەمەندەلـــە
مەیدانی جەنگدا دژی دوژمن جگەلەووزەی بێسنوروگیانفیدایی وسڵ
نەکردنەوەی رولەنەبەردەکانی گەل ،توانای عەسکەری ئەوماوەیەی پێشو
کەماوەیەکی کورت نەبوو ،وەتیایدا سەدان پێشمەرگەی وریاودەیـــان
سەرکردەی لێهاتوی دروست بون .لەلایەکی ترێشەوە لەلای جاکدوە .کومە-
لێ تاقی کردنەوەپوختەبونەتەوەولەلای خرابیشدا دیسان کومەلێ تاقی
کردنەوەمان لەبەردەستایەکەپەتی گەیشتن وهەلسەنگاندنیان ودوپات
نەکردنەوەیان ئەوەندەی پرفاسومان فراوانترئەبێت ولەجەنگی شەرەف
مەندانەوپیروزی ئێستاماندالەسەرکەوتن نزیکی ئەکەنەوە .
گرنگ ئەوەیەلەشکرێکی شورشگێرئەبێ رێکخستن وزەبت ورەبت ووریایی
وکارامەیی ودلسوزیەکەی کونجاوبێت لەگەل ریبازی نوێی شورشوگرانێی

ئەوئەرکە مێژوویەی لەئەستویەتی.

لەشکری شورشگێڕولەیەکی پەروەردەکراوی باوەشی حزبی پێشرەووهێزد شورشگێرەکانی گەلەولێی جیانیەوەلەسەرویەوەنیە ((حزب تفەنگ ئاراستەئەکات ،نەک تفەنگ حزب ئاراستەبکا )) چونکەجەنگ کەلەشکرئەیکات دەربڕینی توندوتیژانەی سیاسەتی حزبەکەئەمیش لەبنچینەی خواست وپێویستیەکانی جەماهیری چەوساوەی گەل دروست بوە .بویەلەشکرلەکاتێکدا کەیەکێک لەهەرەگرنگترین وپیروزترین ئەرکەشورشگێرانەکان جێ بەجێ ئەکات بەلام بەهیچ جورێک،لەسەرووی گەل وحزبەوەنیە بەلکوهەموودەزگا شورشگێرەکان بەلەشکریشەوەبوخزمەتی گەل وگەیاندنی بەئامانجەکانی ولەگەل دروست بوون ،ئەمەمەبدەئی بنچینەیی ئیمەیە ، لەبەرئەوەهەموو پێشمەرگەیەکی ئیمەئەبێ ئەم راستیەبزانی وباش لەئەرکەکانی سەرشانی تێ بگات ،کەتەنیا بریتی نیەلەچەک هەلگرتن وجونەسەنگەرەوە ،کەبێ گومان ئەم کارەنیشانەی ئەوپەری جوامێری ولەخوبوردن وفیداکاریە ،بەلام مەبەستمان ئەوەیەکەتەنیا بەجەنگاندن هەموو ئەوئەرکانەنایەنەدی کەلەئەستوی لەشکری شورشگێری نوێیە ،بەلکوپێشمەرگەکانمان لەکاتێکدا کەنمونەی جەنگاوەری دلێرن،ئەبێ نمونەی خورەوشت و رەفتاری جوان ودلسوزی بن بەرامبەرولەکانی گەل، وەلەهەموو روویەوە خزمەتی گەل بکەن ویارمەتی خەلکی بەن ونەبن بەئەرک بەسەردیەکانەوە ،ئەبێ خویان خزمەتی خویان بکەن وچاویان بەهیچ جورێک لەمالی خەلکی نەبێ وخویان بەزلترنەبینن لەچاوخەلکی تردا ،جگە لەوەش ئەبێ هەمیشەخەریک بن ئاستی هوشیاری وروشنبیری خویان بەرزتر بکەنەوەوسوود لەجەماهیروەرگرن وسوود بەجەماهیربگەیەنن.

ئەمەبەکورتی ئەومەبدەئانەیەکەئیمەلەشکری شورشگێری نوێی کوردستانی لەسەردائەمەزرێنین.

٤ - <u>یەکەم</u> <u>هەنگاو</u> : <u>دەستە</u> <u>چەکدارەکانی</u> <u>راپەراندن</u>

لەم ماوەیەی رەوتی بزوتنەوەی شورشگێرانەی گەلی کوردستانداوە لەکاتێکداکەدوژمن ئەیەوی بوونی کوردوکوردستان بسرێتەوە ، ودلە کاتێکداکەجەماهیری گەلەکەمان دلێرانەرووبەرووی نەخشەگلاوەکانی دوژمن وەستاوە ،وچاوی لەوروژەیەکەتیا پەرتولەی خول لەدوژمن بکاتەوە .لەم

کاتەدا وادەستەپیشەنگەکانی کاروانی خەبات ئەبزوین ولاپەرەیەکی نوی لەخەباتی سەخت ودریژخایەنی گەلەکەمان بەوپەری لەخوبوردن وجوامیر- یەوە ئەنەخشینن.

ئەم پیشەنگانەی کاروانی خەبات کەلەم روژەسەختەدا هاتونەتەمەیدانی تیکوشانەوە ،ئەم دەستەچەکدارانەی راپەراندن کەوا ژیانی خویانیان خستوتەئەولاوەولەپیناوی مافەرەواکانی گەلەکەماندا گیانی خویان فیدا ئەکەن.

دەستەچەکدارەکانی راپەراندن،پیک هاتوون لەکادروپیشمەرگەپەروەردە کراوەکان بەبیروباوەری شورشگیرانەی قال بوی خەباتی شورشگیرانەن ئەچنەناوجەماهیری چینەزەحمەتکیشەکانی گەلەوە ((بەتایبەتی لەلادی بایەخیکی تایبەتی ئەدەن بەجوتیارەهەژارەکان)) بودەرخستنی راستی بوبان و دلنیاکردنیان لەوەی کەگەلی کوردهیچ هیزیک نیەبتوانیت بەری خەباتی لی بگریت ،وبویان روون بکاتەوەکەهەرەس هینانی بزو- تنەوەکەی پیشوو مانای ئەوەنیەکەئەو ((شورشەگەورەیە)) کەروخا ئیتر کوردئەبی هیوالەسەرکەوتن ببری ودەستەئەژنولەژیرپیی دوژمندا مل کەچ بیت ولەم ژیانەتال وپرئەشکەنجەوستەمەدا بژی وچاوەریی دوا روژی رەشی لەناوچون بیت . ئەرکی ئەستوی دەستەچەکدارەکانی راپەراندن ئەوەیەوەکووتمان راستی روون بکاتەوە ،پیش هەمووشتیک هوی هەرەس هینانی ئەو ((شورشەزلە)) ئاشکرا بکات ولەجەماهیری بگەیەنی کەریبازی کون وبیرکردنەوەی چەوت هوی سەرەکی هەرەسەکەیە ،وەهەروەا دەستە چەکدارەکانی راپەراندن روخساری ریبازی نوی وبیرکردنەوەی نوی بە جەماهیری شورشگیرئەگەیەنن وریگای خەباتیان بوروناک ئەکەنەوەوریی سەرکەوتنیان پیشان ئەدەن وەهەموگەل لەوەدلنیا ئەکات کەلەباس کردنی ریبازی کون وگورینی بەریبازی نویی شورشگیرانەتاکەمەبە- ستمان دەرخستنی راستیەبوهەموگەل ودەس نیشان کردنی ریگای بەرەو سەرکەوتنە ،ئەمەئەرکی هەموو کوردیکی دلسوزە ،کوردیک کەبیەوی گەلە- کەی لەژیرچنگی درندانەی دوژمن رزگارکات ، ئیمەچاک ئەوەئەزانین کەنابی بواربەکەس بدریت بەهەربیانویەکەوەبیت کەریمان لی هەلە بکات ودیسان بەرەو هەلدیری تی شکاندن و هەرەس گەلەکەمان بەریت ،

دەوەیان ئەویت کەگەل هوشیار بیت وهیچ کەس ولایەنیک فریوی بی نە-
خوات وەهەروەها ئەو ریگایە هەلبژیریت کەبەرەو سەرکەوتن ئەیبات .
گەلیک کەخاوەنی مەسەلەیەکی عادیلانە بیت ، هوشیار و یەکگرتوو بیت .
خاوەنی لەشکریکی شورشگیری شیوەنوی بی وپشت بەهیز و توانای خوی
ببەستیت وبزووتنەوەکەی ببەستیتەوە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی
گەلانی ترەوە هەرگیز و بەهیچ هیزیک لەشکان نایەت و هەر بە روزی
سەرکەوتن ئەگات .

لیژنەی سەرکردایەتی
دەستەی چەکدارەکان
سەرەتای تەموزی ١٩٧٦

## بەیاننامەی

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان

گەلی عیراقی نەبەز

سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد وبەعەرەب کردنی کەسولتەی دیکتاتوری شوفینی بەعس بەرامبەرگەلەکەمان پەیرەوی ئەکات شتێک نیە کەلەژێرپەردەی رزیوی(چارەسەری ئاشتی ودیموکراتیانەی مەسەلەی کورد)و (حوکمی زاتی) ساختەدا بشارێتەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی سولتەبێ شەرمانەهەزاران خێزانی کوردی کوچ پێ کردبوخواروی عیراق و سەدان دێی کوردستانی چول کرد و بەعەرەب بری کردنەوەوسنا کارترین مافی نەتەوایەتی ودیموکراتیگەلی کوردستانی پێ شێل کرد هەروەکچون سیاسەتی دیکتاتوریانەی بەعسی وزەوت کردنی تەواوی مافە دیموکراتیەکانی گەلی عیراق وسەرسیتی و چەوسانەوەی زەحمەتکێشان لەتەمومژی پروپاگەندەی دیماگوگیانەو دروشمی ساختەی (هەنگاوە پێشکەوتنخواز و سوشیالیستانەکان) دا ووناکرێت و ئاشکرایە .

سولتەی دیکتاتوری شوفێنی بو ئەوەی پیلانەکانی لەکوردستاندا جێبەجێ بکات وئامادە بێ بوکپ کردنەوەی تورەیی ونارەزایی خەلکی کوردستان کەروژبەروژ لەپەرەسەندن وهەلچون دایە . کوردستانی بەهێزە چەکدارەکانی وتازەترین تفاقی جەنگی وبەکری گیراوان تەنیوە و بەردەوام خەریکی خوئامادەکردنە بوهەلگیرساندنی جەنگێکی نوی و تەنانەت دەستیشی کردوە بەهێرش بردنەسەر زور شوێنی کوردستان.وە بەهوی ئەم سیاسەتەو کردەوە دوژمنانەیەی ئەم رژێمە هێزە شورشگێرەکانی گەل رێگای خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنیان گرتوتە بەر وەک تاکەرێگەی شیاو وکاریگەر و رەوا بو دیفاع کردن لەمافی گەلەکەمان و بەدیهێنانی مافە رەواکانی . سولتە راستەوخو بەرپرسیاری ئەم وەزعەی کوردستانە لەبەرەو تەنسەوەیەکی فراوانی ئەبات وەئەبێ توبال وئەنجامەکەشی بگرێتە ئەستو. هەول دان بو لەناوبردنی گەلێک وەبەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی رزگاری تەواوی گەلان و

هەرەس هێنانی ئیمپریالیزمەخەیالیکی خاوزرەونەک بوسولتەی لەرو-
کی بەعس بەلکوبوهیچ هێزێک نابێتەدی و هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێرەوی
مێژوو بگورێت .سولتەی بەعس ئەگەرئەبەوپەڕ واخوی پیشان بداکە بەسەر
گەلی کوردا زال بووەبزوتنەوەی شکاندوەبەهەلەیەکی گەورەدا چووە
چونکە ئەوهەرەس هێنانەی مارتی ١٩٧٥ بەلگەی بێ هێزی و بێ هودەیی
خەباتی شورشگێرانەی گەلەکەمان نەبوەبەلکوئەوەبوکە یەکەمین ئەم
جورەسولتەدوژمن ئەکەلانەهەرگیزمەسەلەی نەتەوایەتی و دیموکراتی
وولاتیان بوچارەسەرناکرێت ولەترسی هەلچوونی شورشگێرانەی گەل خویان
ئەهاویژنەباوەشی ئیمپریالیزم و کونەپەرستانی بەکری گیراویانەوە
بەوجورەی کە بەعس خوی هاویشتە باوەشی رژێمی ئێرانەوە لەپێناوی ڕێکە-
وتنامەکەی جەزائیردا ( شط العرب ) وخاکێکی زوری نیشتمانی بێ فروشت .
وەدووەمین بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی گەلان لەم سەردەمەدا هەر-
گیز ناشی لەلایەن سەرکردایەتیەکی کونەپەرست ودوژمن بەرێبازی پێش-
کەوتووانەبەرەوسەرکەوتن ببرێت .

گەلەکەمان نەشکاوەوهەرگیزنا شکێت وەئێستا لەهەموکاتێک بەهێزترە
لەهەموکاتێکی هوشیارترەویەکگرتوترەوخاوەنی تاقی کردنەوەی بەنرخ
وگرنگەوراستی بودەرکەوتوەوڕێبازی خەباتی روناکەنەبەهێزی پرچەکی
تازەباوەتی دوژمن ورەبەرئەدات وسەرداتەنوێنێ و نەبەپروپاگەندەی
هیچ لایەک ئەخەلەتێ و ڕێگای چەوت ئەگرێت ، بەبروایەکی پولایینەوە بە-
مەسەلەعادلانەکەیدا و پشت بەهێزوتوانا و وزەی خوی و ئینجا پشتگیری
گەلان و هێزەئاشتی و ئازادی خوازەکانی دونیا دلێرانەبەرگری لەمافی
نەتەوایەتی ومافەرەواکانی ئەکات .

جەماهیری شورشگێری کوردستان

لەبەر روناکی ئەو تاقی کردنەوە گرنگانەی کەگەلەکەمان لەسالانی
پێشووی خەباتی سەختیدا دەسگیری بوە و بەپێی پێداویستیەکانی ئەم
قوناغەی بزوتنەوەی گەلەکەمان وتایبەتیەتی باری ئێستای بزوتنە-
وەکە و بوئەوەی کەهەلەکوشندەکانی جاران دووپات نەبنەوە و ڕێبازی
راست وگونجاو لەگەل ناوەروکی بزوتنەوەکەدا خەباتی گەلەکەمان
بەردەوام بێت وبەرەو سەرکەوتن بڕوا لە پاش هەرەسەکەی مارتی ١٩٧٥

وەیەکیتیی نیشتمانیی کوردستان هاتە مەیدانی تیکوشانەوە .
یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان تی ئەکوشی بوکوکردنەوە و ریکخستنی هیزە شورشگیرە نیشتمان پەروەرە دیموکرات خوازەکان لەچوارچیوەی شیوەبەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتیدا بەجوریک کەهەموو هیر و نەیبارە پیشکەوتنخواز و نیشتمان پەروەرەکان خەباتیان بەتوند و تولی یەکخەن . واتە یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان حیزبیک نیە و جیی حزبی پیشرەو ناگریتەوە بەلکو لەپیناوی یەکگرتنی هیزە نیشتمان پەروەرەکان ولەناوبردنی دەستەگەری ودووبەرەکی دا دروست بوە و ئەوهیزانەی تائیستا لەچوارچیوەکەیدا کوبونەتەوە لەسەر ئەم بنچینەیە یەکیان گرتوە بوخەبات کردن بەریبازیکی پیشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم وزایونیزم وکونەپەرستی دا وشان بەشانی هیزەشورشگیرەکانی سەرانسەری عیراق لەپیناوی عیراقیکی دیموکراتیدا کەکوردستان لەچوارچیوەیدا بەئوتونومی راستەقینە شادبی . ئەمە ئەو تەنیا ریبازەیە کەلەگەل جەوهەری پیشکەوتنخوازانەی بزوتنەوەی گەلەکەماندا ئەگونجی وهەر هیزیک لەم ریبازە لابدات و یەکیتیی ریزەکانی گەل بشکینی زیان لەبزوتنەوەکە ئەدات وتاوانبار ئەبیت بەرامبەر بەگەل وبی گومان حوکمی گەلیش زور توند و تیژە بەرامبەر بەوانە .

گەلی عیراقی نەبەز

ئەم سیاسەتە چەوتە دوژمنانەیەی کەسولتەی دیکتاتوری بەعس لە کوردستاندا بەتایبەتی ولەهەموو عیراقدا بەگشتی پەیرەوی دەکات و ئەو شەری براکوژبەی کەدەستی کردوتەوە بەهەلگیرساندنی نەک هیچ خزمەتیکی بەرژەوەندی گەلی عیراق ناکات بەلکو گەورەترین زیانیشی پی ئەگەیەنی . بگرە زیانیکی گەورە بە خەباتی گەلانی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و زایونیزم ئەگەبەنی و بەتایبەتی خەباتی گەلی فەلەستینی قارەمان کە روبەروی ئیسرائیلی دوژمن وگەورەترین پیلان بولەناوبردنی بوتەوە . ئەرکی سەرشانی سوپای عیراق کوشتن وبرینی گەلی کورد و ویران کردنی کوردستانی نیە بەلکوئەرکی بنچینەیی پیروزی ئەوەیە

کوردستانپۆست

کەبەرگری لەخاکی نیشتمان بکات وئەوانە بکوژی وببری کەلەسەرحسا-بی مافەکانی گەل سات وسەودا بەم خاکەوە ئەکەن وسامانی عیراق بۆ ئەوە نییە کەپیلانگیری وبەخێوکردنی دەزگاکانی تیرور وچەوساندنەوەی فکری وئابوری گەل بەکار بهێنرێت وجەنگی وێران کاری وولات و براکوژی پێ ساز بکرێت.

بەرژەوەندی گەلی عیراق لەوەدایەکەلەژێرسایەی سیستەمێکی دیموکرا-تیانەی راستدا دوورلەچەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی بەعەرەب و کورد وکەمایەتییەنەتەوایەتییەکانیەوەبەدل و بەگیان قول بکەن بە قۆلی یەکتردا وئەوپەری وزەیان و سامانی ولات بۆپێشکەوتنی ئابوری و کومەلایەتی بخەنەکار و بەرەبەرەکی پتەوی ئەوتۆپێک بهێنن کەبەشێوەیەکی کاریگەرانەبەشداری خەباتی رەوای گەلانی عەرەب وگەلانی ئاوچەکە بکەن دژی ئیمپریالیزم و زایونیزم وە بەتایبەتی گەلی فەلەستینی تێکوشەر.

تەنیا بەم جورەعیراق ئەتوانێت دەوری کاریگەرانەلەبزوتنەوەی گەلانی دونیادا ببینێ نەک بەدروشمی ساختە و پەیوەندکردنی گەل و چەوساندنەوەی و لەتوپەت کردنی ریزەکانی و بێ هێزکردنی بەرامبەردوژمنەکانی.

بەم سیاسەتەچەوتەبەعسیەکان بیانەوی و نەیانەوی خزمەتی ئیمپریالزم و زایونیزم وکونەپەرستەکان ئەکەن و هەرلایەکی نیشتمان پەروەر بە دروشمەساختەکانی بەعس هەلخەلەتی و بەوی سیاسەتی شو-فینییەدیکتاتوریەکانی ببینێتەوەخوی لەواقیع دوورئەخاتەوە و پشت ئەکاتەبەرژەوەندیەبەچینەدییەکان وخواست وئامانجەکانی گەل و بەر-ژەوەندی بەرەی دژبەئیمپریالیزمی جیهان.تێکوشان لەپیناوی عیراقێکی دیموکراتیدا کەکوردستان لەچوارچێوەیدا ئوتونومی راستەقینەی دەست کیرێ ئەرکی سەرشانی هەمووهێزە نیشتمان پەروەرەپێشکەوتنخوازەکانی عیراق بەکورد و عەرەب وکەمایەتییەکانەوە.ئەرکی هەمووئەوانەیەکە بەتەنگ سەربەستی و پێشکەوتنی کومەلایەتی گەلی عیراق و سەرکەوتنی بەرەی گەلانی شورشگیری جیهانەوەدێن دژی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کونەپەرستی.

کوردستانپۆست

جەماهیری زورلیکراوی گەلیکوردستان یەکگرن.تیکوشن و ئەوپەری وزە و تواناتان بخەنەکار و پشتگیری بی سنووری بزووتنەوە شورشگیرانە نوییەکەتان بکەن . هوشیار بن و ریگا بەهیچ جورە دوژمنیک مەدەن جاریکی تر زەفەرتان پی بسینی.جەماهیری زورلی کراوی کوردستان . هەموو هیزە نیشتمان پەروەرە شورشگیرەکان یەک ـ گرتنەکەتان توند و تول تر کەن . یەکیتی خەباتی شورشگیرانی عەرەب و کورد و کەمایەتیەکان پتەوتر بمیت ...لە پیناوی مافەناوکویەکانی هەموو گەلی عیراق .

بمری دوژمنانی گەلان .

بژی شورش .

یەکیتی نیشتمانی کوردستان
دەستەی دامەزرینەر
وولات
١/ئەیلول/ ١٩٧٦

کوردستانپۆست

# ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا

هاورییان سەرەرای ئەوزروفەسەختانەی بەسەرگەلەکەمان وکومەلەمان هات وبەلام توانیشی نەک هەرخوی بپاریزیت وریزەکانی پتەوبکات وری وشوینی راست بوکارکردنی دابنی بەلکوتوانیشی لەم ماوەیەدا جلەوی رابەرایەتی بزوتنەوەشورشگیرانەکەی بگریتەدەست وتوانی بیسەلمینی کەهیزی بنچینەیی وپیشرەوی بزوتنەوەکەیە بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کاتی موناسب وپیویستدا کەوتەدا مەزراندنی بناغەی هیزی چەکداری شورشگیری کوردستان وئەم بناغەیەی بەودەستەچەکدارانەدارشت کە کومەلەمان دروستی کردن وخستنیە مەیدانی خەباتی چەکدارانەوە وبە ووردی ئەرکەکانی بودەست نیشان کردن وجگەلەوەی کەتوانی ئەو نیشتمان پەروەرانەی خویان دابوەچەک بخاتەژیرسەرکردایەتی خویەوە .ودانانی بناغەی هیزی چەکدارودەست پی کردنی ئیش کردنیان هەنگاویکی گەورەومیژوویی یەکەکومەلەمان پاویتی جیی شانازیە .

هیزی چەکداری شورشگیریەکیکەلەسی مەرجەسەرەکی وبنچینەیی یەکانی سەرکەوتنی خەباتی شورشگیرانەی جەماهیر ،واتەحزبی پیشرەو وبەرەی نیشتمانی وهیزی چەکداری شورشگیر ،ئەم سی مەرجەزوربەتوندی پیکەوە بەستراون هەریەکیکیان کارئەکاتەسەرئەوانی تر .گەشەکردنی هەر یەکیکیان یارمەتی گەشەکردنی ئەوانی ترئەدات .مارکسیە ـ لینینیە ـ کانی کوردستان نزیکەی شەش سالەلەچوارچیوەی کومەلەدا بودروست کردنی حزبی پیشرەوی مارکسی ـ لینینی راستەقینەی کوردستان کار ئەکەن .بی گومان جگەلەوهەولەی لەپیش دروست بونی کومەلەدا دراو دروست بونی کومەلەخوی بەرهەمەکەی بو ،ئەم خەباتەسەرەرای زروف و باری ماوەی ئەوشەش سالەی رابوردوسەرکەوتنی گەورەی بەدی هیناوە وباتەوەرادەیەی کەئیستا ئەتوانین کومەلەبەهیزی پیشرەو وبەکردەوە دابنیین .بەلام لەگەل ئەم راستیەشدائەبی ئەوەبزانین کەخەباتمان لەپیناوی تەواوکردنی دروست بونی حزبی پیشرەودا هەربەردەوامە .

لینینی مەزن لەنیسانی سالی ١٩١٧وا تەچەندمانگیک پیش شورشی مەزنی ئوکتوبەروتویەتی "باحزبیکی کومونیستی برولیتاری دا مەزربنن ئەوتا باشتربن پیشتیوانەکانی بولشەویک عەناسرەکانی ( ئەم حزبە)ی خولقا ـ ندوە "((هەلبژاردەکان ـ بەرگی٢ بەشی١ـ ل )) .وەئەوەی تا ئیستاری گری سەرەکی بولەپیشمان دوریمان بولەجەماهیرئیمەسەبارەت بەزروفی ئەوسا لەوخونەناساندنی کومەلەبدتەماهیرئەویش‌هەر بەهوی ئەو زروفاندوە ئەودەرفەتەلەپیش کومەلەمان نەبووکەبەوجورەی پیویستەلەناوجەماهیر دابیت لیرەشدا ئەبی ئەوەروون‌بی کەلەمەدا مەبەست لەوەنیە کەها وریان کەمتەرخەمیان کردبی،نە؛ بەلکومەبەست زروفی سیاسی ودیکتاتوریەتی سولتەلەلایەک وبالادەستی هیزی پ.د.ک لەکوردستان لەلایەکی تـرەوە هەستی گشتی جەماهیربەرامبەرمارکسیزم ـ لینینیزم لەلای سیەمـەوە (ئەمەمان لەنوسینی پیشودا رون کردبووەوە ) .ریبازی کومەلەوئەرکـی میژوویی‌ئەوەیەکەبزوتنەوەی شورشگیرانەی گەل بەبیروباوەری مارکسی ـ لینینی موتوربەبکات وبەم ریبازەدا ولەبوتەی مومارەسەی عەمەلیا لەپیناوی بەدی هینانی حزبی پیشرەوداتی بکوشی.دیارەموتوربەکردنی جەماهیریش بەم.ل تەنیا لەناوجەرگەی جەماهیرومومارەسەی عەمەلـیدا ئەکریت بویەئەمروبەردی بناغەی خەباتمان لەپیناوی حزبی پیشرەودا ئەبی‌چونەناوجەماهیربیت وانەکردنەوەی ئەودەرگافراوانەبیت کەتا ئیستا ئەتوانین بلیین لەسەرمان داخرابو .وەلەم رووەوە یەکەم هەنگاوی دروست کردنی ی.خ.ش.ک بو .وەپیش ئەوەش لەدەرەوەی وولات یەکـیتـی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان دروست کرابوبەلام لەناووولات‌دا سەبارەت بـە هەندیک مەسەلەکەلامان ئاشکرانەبوو دروست کردنی ریکخستنەکانی ی.ن. ک.یەکسەرلەکوردستانیش دروست نەکران. بەلام پاش ئەوەی ئەولایەنانـە روون‌بونەوەوبەم جورەبوون‌کەئەم سەرکردایەتی‌یە (واتە ک.ه)بەراسـت ودروستیان ئەزانی کەوتینەدروست کردنی لیژنەکانی ی.ن.ک وەتائیستا لەهەندیک هەریم دروست کراون ولەهەندیکی ترلەدروستـبـون دان .

..................................................................

..................................................................

..................................................................

ولەهەرلێژنەیەکدا جگەلەلێ پرسراوەکەی هاورێی تری خومانی تێدا ئەبێ وئەندامەکانی تریش لەکەسانی نیشتمان پەروەروپێشکەوتنخوازو عەناسری رێکخراو یان تەییارەکانی ترئەبن. (دەستەی دامەزرێنەری ـ وولات : جاری کەسی تری تیدا نابی تاکاتی کەپێویست بەوەئەکات.

بەم جورەبەیەکیتیی نیشتمانیی کوردستان وەکوشێوەبەرەیەکی نیشتمانیی بەکارئەهینن بوکوکردنەوەی نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکان وریکخستنیان وئاڵاندنیان لەدەوری ئالای بزوتنەوەشورشگێرانەنوییەکەی گەلەکەمان وبەرابەرایەتی کومەلەمان. بەم جورە مەسەلەی دورەپەرێزی لەجەماهیرچارەسەرئەکەین ورێکخستنەکانی ی.ن.ک جگەلەوەی کەبوکوکردنەوەی جەماهیرلەدەوری ئالای بزوتنەوەکەسوودلێ وەرئەگرین. لەهەمان کاتیشدا باشترین عەناسری پێشکەوتوی تیا هەلئەبژێرین بوناورێکخستنی کومەلە. گەشەکردنی کومەلەو ی.ن.ک پێکەوەگری دراون، هەردوکیان پێکەوەبەسو پێشەوەئەرون. ئەمەقانونیکی تایبەتی وەزعی تایبەتی کوردستانە. گەشەکردنی هەردوکیشیان وبردنیان بەرەوهینانەدی پارتی پێشرەوی راستەقینەوبەرەی نیشتمانیی راستەقینەوبەندوبەستراون بەگەشەپیدانی خەباتی جەماهیری چەکداربوهێنانەدی هیزی چەکداری شورشگیروپەرەسەندنەوەی خەباتی جەماهیزوموتوربەکردنی بەبیروباوەری م.ل بولەدایک بوونی حزبی پێشرەولیپەوەئەمەش قانونیکی تری تایبەتی وەزعی تایبەتی کوردستانەکەئەبی پەیرەوی بکەین. هێنانەدی ئەوسێ مەرجەبنچینەیییەبەتوندی پێکەوەبەستراون وپەیوەندیەکی عضویان پێکەوەهەیەویەکترگەشەپێ ئەکەن وبەکترئەژیینن. ئەم راستیەگشتیەش بوولاتیئیمەش زور راست ودروست وبەجییە. بەم پێیە کومەلەمان لەم سێ قولە گرنگەوەخەبات ئەکات بوبەدی هینانی هەرسێ مەرجەبنچینەییەکەی سەرکەوتنی بزوتنەوەی شورشگێرانەی گەلەکەمان وئەم خەباتە بەردی بناغەی بەرهەلستی کردنێکی کاریگەرانەی دوژمنە ،خەباتەلەپیناوی ئامانجەنزیک ودورەکانی گەلەکەماندا.

لەوتانەوەکەدەستەچەکدارەکانمان دروست بوون وەدەستیان بەچالاکی کردەوەکەئیستا ئەرکی سەرەکیان بریتیەلەراپەراندن وهوشیارکردنەوەی جەماهیری گەل بەتایبەتی لەلادێ وڕەدەرکشتنی راستی لەدەربارەی ریبازی

کۆن و روون‌کردنەوەی ڕێبازی ڕاستی شۆڕشە نوێیەکەمان بووبان و دەبەرۆژنا
پتەوکردن و پەرەپێدانی خەباتی چەکدارو فراوان کردنی ڕیزەکانی
دەستەچەکدارەکان و ەلەم ماوەکورتەدا بەرهەمی ڕوونباش بەدیهاتووە و
شوێنانەدا کە دەستەچەکدارەکان پیاکەرتووەلە مەولاکارانەکانی بەر
شوێنەکانی تریش بەهۆی پەرەسەندنەوەی گیانی تێکۆشان و بڕوای خەبا-
تیرپەبزوتنەوە نوێیەکەی. و دلەوتاوچاندنا خەباتێری گەل بەتوندی پشت
گیری بزوتنەوەکەمان ئەکەن و توانرا وەکە ڕێکخستنی فراوانی تیا دروست
بکرێت. جا بێ گومان ئەبێ ئەو ڕاستەمان لەبیربێ کە کۆمەڵە
کەسانی خۆی هەیەکە ئەوانە پێشکەوتووترین عەناسرەکانی چینەزەحمەت
کێش و نیشتمان پەروەرەکانن کە باوەڕیان بە مارکسیزم ـ لینینیزم هەیە
ئامادەن بەڕێبازی فکری وعەمەلی کۆمەڵەدا کاربکەن لەهەمان کاتیشدا
ئەبێ لەبیرمان بێت کە بەتایبەتی لەلادێ بەهۆی سەرلێ شێواندن و
پەروەردەی کۆن و ڕەفتاری جووتی .......... ئەبێ بە ئەووردی و
زۆرهۆشیارانە کاربکەین و ئەبێ بزانین کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەناوی
مارکسیزم ـ لینینیزمەوە بچینە ناو خەڵکەوە (ردفعل)ی زۆربەی جەماهیر
سەلبی ئەبێ چونکە هێشتا ڕەفتاری مارکسیانەی ڕاستیان نەدیوە لەبەر
ئەوە ئەبێ پێشەکی بەکردەوەی ڕاست بە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بیروبا-
باوەڕی م.ل بۆیان کە بێ گومان ئەم ((ناوەڕۆکە)) یان لایەسەندە بچینە
ناویان و بەو بیروباوەڕە پەروەردەیان بکەین. ئەوە تەنیا ڕێگەی ڕاستە
بۆ سڕینەوەی ئەو هەستەی کە لەناو جەماهیردا دژی ئەم بیروباوەڕە چێنراوە.
بێ گومان لەگەڵ ئەوەدا کە دەستەچەکدارەکان ڕێگای چوونەناو جەماهیر
ئەکەنەوە و یارمەتی پەرەپێدانی ڕێکخستنی ی.ن.ک ئەدات. لەهەمان
کاتیشدا ڕێکخستنەکانی ی.ن.ک یارمەتی ئەوەمان ئەدەن کە بتوانمان
هەبێت بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و چالاککردنی لەناو جەماهیردا
و مونەزەمەکردنی بزوتنەوەکە بە م.ل وە. و ئەم پەرەسەندنەش جارێکی تر
کە ئەمە بە بزوتنەوەی چەکدار ئەندکات و بەرەی بێ ئەمسی و ئەم جۆرە
ئەم دەورە بەردەوام ئەبێت تا ئەو کەسانەی ناوی خەریکی بەرجەستە
سەرکەوتن. ئەمە ڕێبازی کۆمەڵەمان و ئەبێ بەووردی لەبەردی سەرو...
و ئەوبەری تواناماندا بخەینەکار لەمەیدانا وە سەرکەوتنیا و دەبێ دڵنیا

بین کەسەرکەوتنی ئەم ریبازەراستەوخوبەندەبوچالاکی وکارکردنی لە ووزەبەدەری هاوریان وهوشیاری وقالبونی بەردەوامیان.جگەلە ئەرکە گرانەکانی ئیستا وبەرهەلستی کردنی دوژمنیکی بەهیزوکەللەرەق.ئەبی چاوەریی گەلی بەربەرەکانی کردنیش بین کەلەلایەنی واوەدین ئیستا دوستن وەئەمەش بەشیک ئەبی لەوخەباتەچینایەتی‌یەی کەلەبەرمانەو ئەگەرچی لەم کاتەدا ئەم خەباتەچینایەتی‌یە (بەتایبەتی خەبات‌دژی بەرژە-وەرانی ووردە بورژوازی)لەپلەیەکی توندوتیژدانیەبەلام بەشیوەیەکی ((ئاشتیانە)) ئیستاش هەرهەیەوچینەجوربەجورەکان هەریەکەی بەپیی بەرژەوەندی چینایەتی خوی هەولی جی گیرکردنی پیی خوی لەبزوتنە-وەکەدا ئەدات بوئەوەدی لەدوا روژدا بەرژەوەندیەکانی خوی جی گیربکات بویەدەوری هاوریانی ئیمەلەریکخستنەکانی ی.ن.ک دا دەوریکی گرنگ وزور بایەخدارەوجی گیرکردنی دەوری رابەرایەتی کومەلەمان وبەردەوام بوونی‌ئەم دەورەرەنگ کردنی سەرتاپا بزوتنەوەکەبەبیروباوەری کومەلە لەسەردەوری هاوریانی نا و ی.ن.ک وەستاوەبویەئەبی چالاک ترین و پیشکەوتوترین کادیری خومان بخەینەلیژنەودەزگاجوربەجورەکانیەوەو بالادەستی لەهەموو روویەکەوە بنوینین.

جی بەجی کردنی هەموو ئەوئەرکەمیژوویی‌یانەوەکووتمان لەسەرهاوری یانی کومەلەوەستاوەوکادرەکانی کومەلەندک هەرلە ی.ن.ک دا دەوریکی سەرەکی وبنچینەیی ئەبی بگیرن بەلکولەناوهیزەچەکدارەکان‌وریک-خستنەکانی لادیش دابربرەی پشتی سەرکەوتنمان لەسەرهاوریانی‌خومان وەستاوە.لەئیستا بەدواوەپیویستیمان بەدەیان هاوریی لی هاتوولی وەشاوەئەبی چ لەناوشاردابوپەرەپیدانی ی.ن.ک وپتەوکردنی کومەلەو چ لەدەرەوەی شارکەگرنگترین مەیدانی کارکردنمان لەم پلەیەدا سەبارەت‌بەوەی کەهەموو ئەولایەنانەی بوربورینیانەلەسەردەستبەسەرا گرتنی ئەم مەیدانەچونکە هەموولایەک ئەزانن کەجوتیاران(دانیشتوا-نی لادی بەگشتی)دەوری بنچینەیی وحاسمی هەیەوهەول بومسوگەرکردنی پشتگیریان ئەدریت .هەرچەندەئیمەئیستا قایم ترین وجیی پیمان هەیە لەچاوهەموو هیزیکی تردابەلام لەگەل ئەوەشدائەبی قورسایی‌یەکی زوری بخەینەسەر و تادیت جیی پیمان قایم تربکەین.

کوردستانپرس

بیرمان نەچێت کەکۆنەپەرستان بە باڕەت بە شوێنی جێنشینیان لەکۆمەڵگای کوردستاندا لەناوەوەی وولات ولەدەرەوەی هەروەها بەئاسانی دەست لەبەرژەوەندیەکانیان هەڵناگرن ومەیدان بۆهێزە پێشکەوتنخوازەکان چۆڵ ناکەن،بەپێچەوانەوە لەمەوپێش چەندهەوڵیان دابێ بۆ قایم کردنی جێی پێیان لەناو بزوتنەوەکەدا ئێستا چەندجارزیاتر ئەوهەوڵە ئەدەن بۆگێڕانەوەی ئەودەورەسەرەکییەی لەمەوپێش هەیان بووەبەتایبەتی ئەگەرلەوەزعی ناوچەکەوجیهان وورد ببینەوەبەچاکی بۆمان روون ئەبێتەوەکەئەبێ چەندحساب بۆهێزی کۆنەپەرستان بکەین وەهەرلەئێستا وەجموجوڵیان دەستی پێ کردووەوکەوتونەتەگەڕ بەتایبەتی پاش ئەوەی کە هەستیان بەچالاکی وبزوتنی هێزەپێشکەوتنخوازەکان کردئەوانیش کەوتنەوەخۆ وەئەمرۆئەوهێزەی کەئەم دەورەئەبینێ پاشماوەی سەرکردایەتی پ.د.ک وبزوتنەوەچەکداری بارزانییەبەسرکردایەتی بنەماڵەی بارزانی خۆی.ئەمانەبەناوی(( سەرکردایەتی کاتی)) یەوەولەژێرپەردەی ((بزوتنەوەیەکی نوی)) ودانانیان بە (( هەڵەکانی پێشویاندا )) وبەناوی هێرش کردنەسەر (( ڕژێمی شای بەکری گیراووکۆنەپەرست))ەوە دەستیان کردوتەوەبەجوڵەجوڵ ئەم.جوڵانەوەیەی ( ق.م )ەکان لەم کاتەدا دوو مەبەستی سەرەکی هەیە :

<u>یەکەم</u> :- بۆبەربەرەکانی کردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەپێشکەوتنخوازەکەی گەلەکەمان کەدەستی پێ کرد.وادەستی پێ کردووەوهەوڵدان بۆ ڕەکێزەدانان تیایدا بۆئەوەی وردەوردەبەهۆی پارەوچەکی زۆرەوە دەسەلاتی تیا پەیدا بکەنەوەوخۆیان بگەیێننەوەسەرکردایەتییەکەی بۆئەوەی کەلەلایەکەوەلەرێبازەپێشکەوتنخوازەکەی لای بدەنەوەوبیخەنەوەسەر ڕێگاکۆنەکەولەلایەکی تریشەوەبۆئەوەی جڵەوەکەی بدەنەوەدەست ڕژێمی ئێرانی کۆنەپەرست .

<u>دووەم</u> : لەم کاتەدا مەسەلەی خەلیج لەکایەدایەکەئێران ئەیەوێت دەسەلاتداری سەرەکی بێت لەناوچەی خەلیجدا (ئەمەش دەورێکەکەئیمپریالیزمی ئەمیرکاپێی سپاردووەوبۆئەم مەبەستەبەشێوەیەکی خەیالی پڕچەکی ئەکات وەلەپەلاماردانی شۆڕشگێرەکانی زەفاردا پشتگیری ئەکا ) جا وەکو یەکێک لەوەسیلەکانی ضغط بۆسەر ڕژێمی ساتوسەوداکەری عیراق

ئەوانەی ئێران بەکاردێنێ چونکە ئێران وەکو کورد ئەڵێ ((بانێکی خوا-
ردوە بەو رونەوە)) جارێک بەباشترین شێوە بزوتنەوەی کوردی کردبەدار
دەست بوسەپاندنی شەرتەکانی بەسەر رژێمدا سەداکەرەکەی بەغداو ئەم
جارەش هەر بەو نیازەو لەسەر حسابی کورد ئەیەوێت مەرامەکانی لەخەلیج
بەدی بهێنێ. بەم جورە ئەبینین کەکونەپەرستان تادوا هەناسەیان بونە-
رژەوەندیەچەپەڵەکانیان تەقەلا ئەدەن وجورەها پیلان ونەخشەدا ئەنێن
پشت بەئاغا ئیمپریالیستەکانیان. ئەبێ زور وریای هەموو ئەم جورە پیلا-
نانە بین کەلەلایەن کونەپەرستانەوە دژی بزوتنەوەی شورشگێرانەکەمان
سازئەکرێت. ئێمە بەرامبەر ئەوانەی کەلە ئێرانەوە ئەیانەوێت ئەم دەورە
ببینن هەڵوێستمان ئەوەیەکەپێش هەموو شتێک ئەوراستیەی سەرەوەمان
لەپێش چاو بێت وهەمیشە هەوڵ بدەین بوجەماهیری روون بکەینەوە وراستی
وئەنجامی جموجولەکەیانی تێ بگەیەنین وبائەنوانین عەزلیان بکەین
لەجەماهیر. لەهەمانکاتیشدا ئەوەش روون بکەینەوەکەبامانەوی دوژمنا-
یەتی ئەوان بکەین وناچین بەگژیاندا وەبەرگیر ئەکینەسەر ئەوەی کە
یەکێتی نیشتمانی بویەکێتی یەنەک بودووبەرەکی وەهەرهێزێک نیشتمان
پەروەربێت ئەبێ لەجوارچێوەی ئەم یەکێتیەداوبەپێی رێبازەکەی کار
بکات. وەئەوەی بیەوێ خوی بەسەربەخوبەرێبازی کوندا بروات ئەوە
دیارە ئەیەوێت دیسان جەزرەبەبەبزوتنەوە بگەیەنێت. بێ گومان ئەوان
بەورازی نابن وبەم رێبازەشدا نارون. لەم حالەتەدا ئێمە ئەبێ جەما-
هیرمان تێ بگەیەنین وعەزل کردنیان مسوگەر بکرێت. خوئەگەر هات
ورازی بون لەجوارچێوەی ی.ن.ک داکار بکەن ولەسەر رێبازەکەی، ئەوە
باشیکەن وبەڵام لەهەمانکاتدا ئەبێ زور ووریابان بین.
بەم بونەیەوە جارێکی تریش ئەوەبوهاوڕیان دوپات ئەکەینەوەکە ئەبێ
لەهەموکاتێک زیاتر ئاگاداری رێکخستن بن کەبەکری گیراوانی سولتە
خویانی تێ نەخزێنن. جونکە دڵنیابن دوژمن هەوڵێکی زور ئەدات بو ئەوەی
بەکری گیراوەکانی لەناو رێکخستنماندا بچێنێ.
بەم جورە کومەڵی ئەرکی گرنگمان لەئەستویە ولەچەند قولیکەوە ئەبێ
خەبات بکەین وتێ بکوشین بزوتنەوەکەمان بپارێزین وبەرەوسەرکەوتنی
بەرین. ئەمەش کارێکی مێژوویی ئەتوبە کە [illegible] ئەتوانێکی بێ سنوروهو-

شاری وشی گەنجێکی زیرەك و دووربینی یەکی تەواوی ئەوێ.کەسانی لێ
هاتووی ئەوی کەلە هەموو مولدکانی خەباتدا ،لەهەموو شوێنێکی مەیـ
دانی فراوانی خەباتدا دەوری کاریگەر بگێڕن.کادری کارامە و لێوەشا ـ
وەی بێ ژماری ئەوێت .ئەبێ ریزەکانی کۆمەڵە بەردەوام پتەو بکرێن ،
کە ئەبێ ی.ن.ک بگرێتەوە و لەیەکجیادا وحەما هێز و ئەو ریزەکانی کۆمەڵە
پێشکەوتوترین عەناصر فراوان بکەن ،تاسی فکری و تواناى کارکردنی
هاوری بار لە هەموو پلەیەکدا ئەبێ بەردەوام بەرز ببێتەوە و ئەبێ ئەکسێی
ریزەکانی کۆمەڵە پتەوتر بکەن ،هەر هاوری یەک ئەبێ ئامادەبێت بۆ
جێ بەجێ کردنی هەر فرمانێک کەریکخستن بۆی دەست نیشان دەکات .

ئیتر بۆ پێشەوە لەژێر ئالای سوری مارکسیزم لینینیزم

کومەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانی عیراق
کـومـیـتـەی هـەریـمـەکـان
١٩٧٦/٩/٢٥

کوردستانپۆست

# شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوانە ساڵێك لە تەمەنی تەواو ئەکات

گەلی عیراقی تێکۆشەر
گەلی کوردستانی نەبەز

ڕژێمی شوفینی بەغدا هەر پاش ئاش بەتالەکەی ئازاری ١٩٧٥ وای زانی کە ئیتر گەلەکەمان هەرچی وزە و گوڕی شۆڕشگێرانەی هەیە لە دەستی داوە و توانای دیفاع لەخۆکردنی نەماوە .بۆیە بەو پەڕی لەخۆ بایی بون و دڕندەیەتیەوە بە پەلە کەوتەجێ بەجێ کردنی نەخشەی شوفینیانەی خۆی بۆ لەناو بردنی گەلی کوردستان لەعیراقدا . بەڵام جەماوەری کوردستان سەرەرای ئەو نەکسە گەورەیەی کەدوچاری کرابو وەلەگەل ئەو هەموو زەبروزەنگ وپیلانە گلاوانەی کەبەعسی فاشیستی بەغدا بو توانەوەی نەتەوەکەمان و ریشەکیش کردنی خستویەتیە کار، توانی ئەمجارەش بەتاوتر و چالاکانەتر ڕاپەری وشۆرشێکی نوێی دیموکراتی بەرپا بکات بوبەرگری کردن لەبونی نەتەوایەتی وبە دەست هێنانی مافەرەواکانی .

لەماوەی ئەم ساڵەدا کە شۆرشی نوێی گەلی کوردستان بە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دەستی پی کردەوە سەرەرای کورتی ماوەی هەڵچونی ئەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە و توندوتیژی دوژمن،شۆرش گەلی سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و زۆریش تاقیکردنەوەی بەنرخی تازەی دەست گەلەکەمان خستووە .

کوردستانپۆست

دیکتاتورەکانی بەغدا بەبەرپابونی شورشبەجاری سەرسام بـوون .
چونکە بەهیچ جورێک چاوەروانی ئەو گورانەکوتوپریە بندرەتیەی نـە
دەکردکە لەمەیدانی خەباتی گەلی کوردستان و سەرجەم گەلی عیراق دا
روویدات.لەبەرامبەر ئەم راستیەکاربەدەستە تکریتیەکان تـوشی
هستریابون و کەوتنە بەکارهینانی ناشیرینترین وخراپترین شیوەی
ئیرهاب لەراونان وگرتن وکوشتنی هاوولاتیانی نیشتمان پەروەر،تـەـ
نانەت زورکەسانی بی ئاگا و بی لایەنیشی گرتەوە وە هەتا دیش هـەر
شیتگیرتر ئەبن.ئەوەبو هەر لەسەرەتای شورشەکەمانەوە بو چاوترساندنی
رولەکانی گەل حوکمی نارەوا و چەپەلی خوی بەسەر تیکوشەرانی نەبەز
وقارەمانی گەلەکەماندا شەهیدان ( شەهاب وجەعفەر و ئەنوەر ) وەلە
روژی ١٩٧٦/١١/٢١ لەسیدارە دران و هەرلەوساشەوە دەستی کرد بەگرتن
ودورخستنەوەی تیکرا کەس وکاری پیشمەرگە شورشگیرەکانی کوردستان
لەپیری سەدسالەوە هەتا مندالی ساوای سەرپیشکەش لە بەندیخانەکانی
خواروی عیراق توند کران کەلەباریکی زورتال وناهەمواردا ئەمرەومژی
گوزەران ئەکەن،ئەمە جگە لەوەی بەهەزاران خیزانی کریکار وجوتیار
وکومەلانی تری خەلکی کوردستان گواستراونەتەوە بو خوارووی عـیـراق
وبەسەدانیشیان خراونەتە بەندیخانە و بەدەیانیان لەژیر ئـازار و
ئەشکەنجەدا شەهید بون وژمارەیەکی زوریش حوکم دراون بەخنکاندن و
گەلیکیان لەسیدارە دراون،ئەمەلەلایەک ولەلایەکی تریشەوە بەعسی یە
راسترەوەکان بەنیازی لەخشتە بردنی پیشمەرگە وسەرکردەکانی شورش
بەردەوام هەولی کرینی ویجدانیان ئەدات وئەیەوی لەم ریگایـەوە
هیزەکانی شورش لاواز و بربر بکات لەگەل ئەمانەشا لەماوەی ئـەم
زستانەدا چەندین هیرشی کردە سەر پیشمەرگە کولنەدەرەکان بە تەمای
ئەوەی لەناویان بەریت. بەلام لەهەموو ئەم سیاسەت وهیرشانەیدا هیچ
سەرکەوتنیکی بەدەست نەهیناوە ، نەگرتن وکوشتن وبرین ولەسیدارەدان
ونەهیرشەکانی نەیتوانی شورشگیرانی گەلەکەمان لەخەبات سارد بکاـ
تەوە، بەلکوبەپیچەوانەوە کلپەوگری ئاگری شورش هەتادیت بەتین تـر
ئەبیت وحەماوەری کوردستانیش پترلەدەوری ئالای شورش و( ی.ن.ک) کـو
ئەبنەوە. سەبارەت بە دروژمنی لەبەرانبەر مانگی ئازارەوە وەکوهـار

دەستی کردبە گەورەترین هێرشی بەربڵاو بۆسەر کوردستان زیاتر لە شەش فیرقە سەرباز و هەزاران پۆلیس وجەرەسی سنور و سەدان هێلیکۆپتەری شەر وتانک وزریپوشی خزاندە کوردستانەوە و بەربونە پەلامارداني سەرانسەری خاکی کوردستان،لەگوند و شارەکاندا دەستی کرد بە توقاندن وکوشتن وسوتان و ویران کردن، بەلام دوژمن جاریکیتریش سەری دا لە بەردی سەختی خەباتی شورشگیرانەی گەل وەهیچ سەرکەوتنیکی ئەوتوی بەدەست نەهینا کە لەروی بیت خوی پیوە هەل بکیشی.وەئەنجامی ئەو هیرشە فراوانە گەورەیەی کەکردی بەرامبەر بە هیزەکانی شورش هەر چەندە هیشتا لەسەرەتای خوجەسپاندن وکەشەکردندایە.هیچ یەکیک لەو مەبەستە گلاوانەی هەیبو سوی نەهاتەدی،وەئەگەر دوژمن بە بەزین و روخانی هەندی کەسانی بودەلە و بەکریگیراو کە خویان بەدەستەوەدا وە واتی بکات کەگوایە شورشی لاواز و بی هیز کردوە و سەرکەوتنیکی باشی بە دەست هیناوە ئەوە هەرخوی گیل ئەکات وبەس، ئەگینا ئەو ترسنوک وبەزیوانە هەمیشە بار و کوسپ بون بەسەر شورشەوە ،ئەبوایە زوتر ریزەکانی شورشیان لی پاک بکرایەوە ،بویە خوبەدەستەوەدانی ئەمانە نەک سەرکەوتنیکی گەورە بو بو شورش بگرە بەلایەکی زلیش بو بو دوژمنەکەمان.

هیزەکانی (ی.ن.ک) وپیشمەرگە بەبەزەکانی سورن لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل وبەدەست هینانی سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن،هەرگیز گوی نادەنە هەرەشە و فیشالی دوژمن،دلیرانە ئەجەنگن و زیانی کاریگەرانەی پی ئەگەیەنن.

خەباتکەرانی عیراق

تیکوشەرانی کوردستان

ریبازی شورشگیرانەی راستی شورشی کوردستان جاریکیتریش ئەو راستیەی سەلماندوە کە ئەگەر کەلیکی بچوک وەکو گەلی کوردستان زانی خەبات کردنی هەبیت وبەریگای تیوریە زانستیە شورشگیرەکانی چینە زەحمەتکیشەکاندا بروات وریزەکانی خوی یەکبخات وپشت بە هیز و توانای گەل ببەستیت ئەتوانی سەرکەوتن مسوکەر بکات و دوژمنەکەی هەرچەندە بەهیزیش بیت لەدەریای شورشگیرانەی گەلدا نقوم بکات و

پتەوکردنی و پەرەپێدانی دامەزراوەکانی خۆی بکات.

شۆڕشەکەمان هەرلە سەرەتاوە بەم ڕێبازەدا بووە و بەردەوامە لەسەر درێژەدان بە خەباتی ؛ پشت بەهێز و توانای گەلەکەمان و هەموو بەرەی گەلان ئەبەستێت، بۆیە دڵنیاین لە سەرکەوتنی گەلی کوردستان و پێکرا گەلی عیراق و تێکشکانی تکریتیەکان. بە تایبەتی ئێستا بە ڕوونی وپاکی گشت گەلی عیراق و تەواوی گەلانی عەرەب و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازە-کانی دنیا بۆیان دەرکەوتووە ولایان ئاشکرا و ڕیسوا بووە، هەروەها بە-فیتەوەی ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان هۆیەکی تری گرنگ وکاریگەرە بۆ زووتر ڕوخان و بەدبەختی ڕژێمە شۆڤێنیەکەی بەعدا.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی کوردستان وخەباتی شۆڕشگێڕانەی سەرجەم گەلی عیراق.

مردن وژێرکەوتن بۆ فاشیستە دیکتاتۆرەکانی بەعدا.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی گەلی عیراق.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
کۆمیتەی سەرکردایەتی - وڵات
ئاب / ١٩٧٧

کوردستانپۆست

# خەباتی ئالای شۆڕش

دەرچونی جەریدەیەکی گشتی بەریک وپیکی بوناو جەماوەری شورشگیری گەلەکەمان لەلایەن کومەلەمانەوە کە دوای (ئاش بەتال) بەکەم ریکخراوی سیاسی بووکە بزوتنەوەی شورشگیرانەی عادیلانەی گەلەکەمانی لەباوەش گرت ولایەنیکی سەرەکی وە بنچینەیی شورشەنویەکەی گەلەکەمانە کاریکی ئەوەندە بەئاشکرا پیویستەکە بەراستی پیی ناوی زور باسی لی بکریت بایەخی ئەم جریدەیە لەم پلە میژوویی‌یەی خەباتماندا بەو هەمووئەرکە گرانە وجوراوجورانەدا دیارەکە لەئەستویەتی و هیوادارین (ئالای شورش) ببیتە روناکیەکی گەش ولە کوژاندنەوە نەهاتوی سەر ریگەی خەباتی گەلەکەمان وگەلان وزەحمەتکیشانی عیراق و هەموونا وچەکە لە پیناوی نەمانی هەموو جورە چەوساندنەوەیەکدا .

بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کوردستان کە بزوتنەوەی گەلیکی دابەش کراو و نیشتمان لەت لەت کراو و ماف پی شیل کراوە ،بزوتنەوەیەکی عادیلانەی ناوەروک پیشکەوتنخوازە و بەشیکی لەجیاکردنەوە نەهاتوی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلانی جیهانە کە لەم سەردەمەدا بەشیکە و پال پشتیکی قایم و پتەوی شورشی سوشیالیستی جیهانە .

چەندین سالە گەلی کوردستان لەخەباتیکی بی ووچانی پر قوربانی دایە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و بەتایبەتی لە ماوەی نیوسەدەی رابوردودا کوردستانی عیراق مەلبەندی بزوتنەوەی چەکدارانە بووە دوا بزوتنەوە ئەوە بوو کەلەئەیلولی ١٩٦١ بەسەرکردایەتی بورجوازیەتی کورد دەستی پیکرد ولە مارتی ١٩٧٥دا سەرکردایەتیە عەشایەریی‌یە کونەپەرستەکەی ئەو بزوتنەوەیە هەرەسە سیاسی وعەسکەریە پرشەرمەزاریەکەی کرد و ئەوئەنجامانەی بوو کە هەموو کوردیکی خاوەن هەست ئەیزانیت .

کوردستانپۆست

بی گومان شکستەهینانی بزوتنەوەکانی کورد و بەتایبەتی دوا بزو- تنەوەی کە بەو هەرەسە (یان وەکو جەماوەر ناوی ناناش بەتال)ئەنجا- میکی حەتمی ئەو بیرورا کونەپەرستانە و ریبازە چەوتە ناشورشگیرانە بوون کە چینە کونەپەرستەکانی کورد بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمانیان پیاکیش ئەکرد ئەو چینە کونەپەرستانە بە چەندین شیوە بودەلەیی و ناشایستەیی خویان لەرابەری کردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان ئیسپات کردوو چەندین جار گەلەکەمانیان پاش قوربانی و مال ویرانیەکی بی سنور هەر بەرەو هەلدیری پرمەینەتی هەرەس هینانی برد .ئەمەش بی گومان سەبارەت بەوەی کە ئەیانوویست - ئیستاش بەردەوام ئەیانەویت- بزوتنەوەکە لە چوارچیوەیەکی نەتەوەپەرستانەی تەسکی کونەپەرستانەدا قەتیس بکەن و بەبیی بەرژە- وەندی چینایەتی بوگەنی خویان لیی بخورن و نەهیلن بەهیچ جوریک بچیتە سەر ریبازە مەزوعیـیە گونجاوەکەی لەگەل ریرەوی میژوو چونکە چینە کونەپەرستەکان زور باش ئەوە ئەزانن کە ئەمە مانای تیا چونی بەرژەوەندی ئەمانە و بەپیچەوانەوە بەرژەوەندی چینە زەحمەت کیشە چەوساوە شورشگیرەکانی تیدایە وە سەبارەت بەوەی کە مارکسیزم - لینینیزم فەلسەفە و ریبازی شورشگیرترین و چەوساوەترین چینەکانی گەلە ئەویش کە چینی کریکارە و تا چەوسانەوە مابی چینی کریکار رزگا- ری نابی وسەبارەت بەوەی کە کومەلەمان لەسەر بنچینەی مارکسیزم - لینینیزم دامەزرا؛وە بویە ئالای شورش بەو پەری توانا وە تی دەکوشی لەپیناوی :

* بەهیز کردن و پتەو کردنی یەکیتیی بیرورا و ریکخستنی کومەلەمان وگەیاندنی بیروباوەرەکەی کە مارکسیزم -لینینیزمە بە جەماوەری چینە چەوساوە شورشگیرەکانی گەلەکەمان و قول داکوتانی رەگ وریشەی کومەلەمان تیایدا وە لە رەگ و ریشە هەلکیشانی هەموو بیرورایەکی ریفیزنستانە و ریسواکردنی ریفیزنیزم (تحریفیەت) لە ناوەوە و دەرەوەی وولات ..........................................

..........................................................................

* سەبارەت بەوەی کە گەلی کورد و کوردستانی نیشتمانی بەپێی بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و کونەپەرستانی ناوچەکە دابەشکراوە هەر بەشێکی لە چوارچێوەی سیاسی و ئابوری دەولەتێکدایە و لەگەل گەلانی تری ناو ئەو دەولەتەدا دووچاری یەک رژیم بون و چینە کونەپەرستەکانی گەلانی ئەو دەولەتە ـ بەچینە کونەپەرستەکانی کوردیشەوە لەو وولاتەدا ـ گەلانی ئەو وولاتە ئەچەوسێننەوە بەهەموان ئامانجێکی ناوکویی یان هەیە کە بریتیە لە هەلتەکاندنی دەسەلاتی چینە کونەپەرستەکان و دامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراتیانەی گەل کە لە سایەیدا چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و هەروەها هەموو چەوسانەوەیەکی تر نەمێنی بۆیە ئالای شورش تێدەکوشێت بو رونکردنەوەی ئەم واقیعە و هەول ئەدات بو:

ـ پتەو کردنی برایەتی و هاوخەباتی گەلی کورد و هەموو ئەو گەل و نەتەوانەی کە لەگەلیاندا ئەژی و لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە ناوکوییەکانمان.

ـ هەولدان بو نزیک خستنەوە و یەک خستنی رای شورشگێرانەی ئەم گەلانە و بەدی هێنانی یەکێتی خەباتیان دژی ئیمپریالیزم و سولتەی بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم لەم وولاتانەدا.

ـ یەکێتی خەباتی مارکسیە ـ لینینیەکان لە ناوچەکەدا.

ـ پێکەوەبەستن و توندگریدانی بزوتنەوەکەمان بە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی تێکوشەری فەلەستینەوە کە جگەلەوەی بەشێکە لە مەسەلەی رزگاری گەلی عەرەب بەگشتی و قەلایەکی ئیستراتیجی شورشگێرانەیە لەناوچەکەدا دژی ئیمپریالیزم و تەماعی دەولەتانی گەورە و زایونیزم.

* سەبارەت بەوەی کە کومەلەمان و شورشەکەمان لەکوردستانی عیراقدان و خەباتمان راستەوخو دژی سیاسەتی شوفینیانەو فاشیستیانەی سولتەی بورجوازی بیروکراتی بەعسە کە نەک هەر گەلی کورد لە روی نەتەوایەتیەوە ئەچەوسێنێتەوە و لە ساکارترین مافی نەتەوەیی دیموکراتی و ئینسانی بێبەشکردوە بەلکو سولتەی دیکتاتوریانەی بورجوازیەتی بیروکراتی فاشیستە و کرێکاران و جوتیاران و چینە زەحمەتکێشەکانی تری هەموو عیراق بەو پەری درندەیەتی بەلام لەژێر پەردەی دارزاوی پێشکەوتنخوازیدا ئەچەوسێنێتەوە و هەر یەک ناکوکی سەرەکی

جەماوەری چەوساوەی گەلی کورد لەگەل ئەم سولتەیەدایە هەروەها ناکوکی سەرەکی جەماوەری چەوساوەی باقی عیراقیش هەر لەگەل هەمان سولتەیە بویە ئامانجی ناوکوبی سەرجەم گەلی عیراق بەکورد وعەرەب و کەمە نەتەوایەتیەکانەوە روخاندن ولە ناو بردنی سولتەی بورجوازی بەعسی فاشیست ودامەزراندنی دەسەلاتی دیموکراتیانەی گەلە کە لە سایەیدا گەلی عیراق بەدیموکراسی راستەقینە بگات و گەلی کوردیش بەمافی بریاردانی چارەنوسی خوی بگات. بویە(ئالای شورش) خەبات ئەکات لەپیناوی رون کردنەوەی ئەم راستیە ولە پیناوی :

– پتەوکردنی برایەتی عەرەب وکورد وتورکمان وهەموو کەمە نەتەوا- یەتیەکانی تری عیراق.

– بەهیز کردنی وزەی شورشگیری راستەقینەی گەل.

– یەکیتیی خەباتی مارکسیە-لینینیەکانی عیراق کە ئەمرو لەوولاتە- کەماندا چەند ریکخرا و گروپ و دەستە وکەسانی مارکسی-لینینی هەنو پیویستە خەبات بکریت بو پەیدا کردنی باشترین و ممکن ترین شیوەخە- باتی یەکگرتوو. ئالای شورش لەم مەیدانەدا دەنگیکی دلیر و مەوزوعی ئەبیت و بی ووچان تی دەکوشی.

* ( ئالای شورش) لەپیناوی بەهیزکردنی (ی.ن.ک) تی دەکوشیو هەولی بی سنور ئەدات بوچەسپاندنی خەباتی ریکخراوە شورشگیرە پیشکەوتن خوازەکانی کوردستان و دەرخستنی بیری چەوتی تاکە حیزب وراهینانی جەماوەری گەل بەدروستی بەرەی یەکگرتوو وە هەولدان بوگەشەپیدانی (ی.ن.ک) بەرەو بەرەی راستەقینەی شورشگیر. لە هەمان کاتیشدا دەست نیشان کردنی کەموکوریەکانی (ی.ن.ک) بەنیازی گەشەپیدانی و زیاتر پتەوکردنی ریزەکانی لەخەباتدا دژی سولتەی فاشیستی بەعس و دژی ئیمپریالیزم و زایونیزم وکونەپەرستی ناوخو و دەرەوە.

* پیکەوە گریدانی خەباتی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کورد- ستاندا هەولدان بویەکخستنی نەخشەو سنوورا لە نیوان ریکخراوە شورشگیرە پیشکەوتنخوازە دژ بە ئیمپریالیزمەکانی کوردستان.

* روون کردنەوەی دەوری دەوری جەماوەری زەحمەتکیشی گەل ونیشان دانی زورە وچەوساوی لەسـ[illegible] جەماوەر

کوردستانپۆست

بەستن لەباتی پشت بەیارمەتی دەرەوە و روون کردنەوەی ئەو راستیەی کەهەمیشە ناوەروک دەوری سەرەکی هەیە و دەرەوە تەنیا یارمەت دەرە .

* دیفاع کردن لەبەرژەوەندی کریکاران وجوتیارانی هەژار و چەوساوەکانی تر و بایەخدان بەژیانی ئابووری و کومەلایەتیان وری پیشان دان بوتیکوشان لەپیناوی ژیان ودوا روژیکی کەلەدەست هەژاری ودواکەوتوی ونەخوشی ونەخویندەواری رزگاربن ئەرکیکی گەورەی ئالای شورشە .

* بەجی هینانی هەموو ئەم ئەرکانەی ئەستوی ئالای شورش پیویستی بەیارمەتی وهاوکاری هەموو دەزگاکانی ریکخستنی کومەلەمان وکادران و پیشمەرگە هوشیارەکان وهەموو شورشگیرە پیشکەوتنخوازەکانی تری ولاتەکە بروایان بەبایەخی ئەم ئەرکانە هەیە بویە ئالای شورش داوا لە :

- هەمووهاوریان وهەمووهاوبیران ئەکات کە بەرهەمی فکری خویانیان بو بنیرن بەمەرجیک گونجاو بیت لەگەل ریبازی جەریدەکە .

- کادران وهەمووهاوریانی تر ئەکەین لەناوشار و لەلادی و لەدەرەوەی ولات کە هەر کەسە و هەر لیژنەیەک ئەناسیت وشوینی خوی لە لیکولینەوە دەربارەی باری ژیانی کومەلایەتی وسیاسی وئابووری وعەسکەری بکات وگوی بو رای جەماوەر شل بکەن ولەتاقی کردنەوەکانیان لییان ورد بنەوە و لییانەوە فیر بن و پوختەی لیکولینەوەکانیان بە ریک وپیکی بنیرن بو ئەوەی ئەم جەریدەیە روانینکی تیکرایی هەبیت دەربارەی هەمووەزعی ولات .

ئالای شورش ـ ژمارە ( ١ )

ئەیلولی ـ ١٩٧٧ ـ

کوردستانپۆست

# لینین دەولەت و شورش

شەست سالی تەواو لەمەو بەر لینینی مەزن یەکیک لەگرنگترین بەرهەمەکانی خوی کەکتیبی دەولەت وشورشە ( الدولە والثورە ) نوسی وهەر لەو ماوەیەدا بلاوکرایەوە لینین ئەم کارەبەنرخەی لەدوو مانگی ئاب وئەیلولی سالی ۱۹۱۷ دا بەرهەم هیناوە واتە لەماوەی نیوان شورشی بورجوازی ئەو سالە و شورشی سوشیالیستی مەزنی ئوکتوبەردا . بەبونەی تیپەربونی شەست سال بەسەر بەرهەم هینانی ئەو شاکارە بەبایەخەوە و بەسودبەخشی ئەرانین کەتیشکی بهاوینینە سەر ناوەروکی ئەو کتیبە و پەیوەندی بەخەباتی شورشگیرانەی گەلەکەمانەوە . هیوادارین خوینەدەوارانی شورشگیر و کادرانی کومەلەمان وهەموو یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان سودی لی وەرگرن بورووناک کردنەوەی ریبازی شورشگیرانە بوخەماوەری تیکوشەری گەلەکەمان

لینینی مەزن بلیمەت وپیشەوای پرولیتاریای جیهان وسەر-
کردەی یەکەمین شورشی سوشیالیستی ودامەزرینەری یەکەمین
دەولەتی سوشیالیست لەژیر سایەی دەسەلاتی پرولیتاریادا لە
جیهاندا کە یەکیتی سوفیتە. نەک هەر مارکسی‌یەکی دروست وژیر
بوو بەلکو بەیارمەتی‌یەکی بی هاوتا وە گەشەی خولقینەرانەی
بەمارکسیزم داوە و هەموو لایەنەکانی رونتر و قولتر کردوتەوە. مارکس و
انگلز بیرورا بنچینەیەکانیان سەبارەت بەمەسەلەی دەولەت و
شورش دارشت ولینینی مەزنیش لەکتیبەکەی خویدا زیاتر قولی
کردوتەوە و بەپیی گەشە کردنی باری چینایەتی لە جیهاندا بە
گشتی و لەوولاتانی سەرمایەداردا بەتایبەتی و بەپیی گەشەکردنی
سەرمایەداری بەرەو بەرزترین پلەی کەئیمپریالیزمە بیرورا-
کانی مارکس وانگلسی قولتر کردوتەوە و لەگەل باری تازەی
شورشی پرولیتاریای جیهاندا گونجاندویەتی.
لەو کتیبەدا لینین مەسەلەی دیموکراسی بەوردی شیکردوتەوەو
ئەوەی دوپات کردوتەوە کە دیموکراسی دیموکراتی‌یەتی چینی
دەسەلاتدارەو دامودەزگاکانی دەولەت هەر لە سەرەتای دروست
بونیەوە لە جیهاندا مو دەستگایەک بووە بو خزمەت کردنی
بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدار و هاوپەیمان و هاوبەرژەوەندیە-
کانیتی بویە هەرگیز ناشی دوو چینی ناکوک و خاوەن بەرژەوەندی
جیاواز لە سایەی یەک رژیمدا وەکو یەکتر ئەو دیموکراسی یەیان
پی نابریت سەبارەت بەو راستیەی مارکس دەری خستووە کەوا
(تاچینیکی چەوساوە مابی زرگار نەبوبی پرولیتاریا لە چەو-
سانەوە زرگاری نابی) لینینی مەزن ئەوەی تەئکید کردوتەوە
کەتەنیا ریگا بونەهیشتنی چەوسانەوە بەهەموو جورەکانیەوە
ئەوەیە کە پرولیتاریا دەسەلات بگریتە دەست ودامووەدەسگای
دەولەتی بورجوازی چەوسینەر بروخینیت وەتیک وپیک هەلوەشینر-
یت وەلەجی‌یدا دامووەدەسگای شورشگیرانەی دەولەتی خوی لەژیر
سایەی سەرکردایەتی پرولیتاریادا دامەزرینیت هەروەها لینین
ئەوەی دەست نیشان کردوە کە جوضیاران چ دەوریکی گرنگیان هەیە

کوردستانپرس

بەتایبەتی لەوولاتە دواکەتوە رزگارنەکراوەکاندا هاوپەیما-
نیەتی کریکاران وجوتیاران رێگە گردوتە مەرجیکی بنچینەیی سەر-
کەوتنی شورشی سوشیالیستی بەرابەری چینی کریکار. واتە لەم
سەردەمەدا کە بورجوازیەت نەک هەر گوری شورشگیرانەی سەردەمی
شورشی بورجوازی تیا نەماوە بەلکو بوتە چینیکی کونەپەرست و
چەوسینەر و ممکن نیە سەرکردایەتی شورشی دیموکراتی بکات چ
جای شورشی سوشیالیست. (........................
...............................
...............................
........................) .

قوناغی شورشی وولاتەکەی ئیمە شورشی دیموکراتی گەلە -دیمو-
کراتی نویە -وهەمان یاسای گشتی علمی ئەیگریتەوە بی گومان
سەرکردایەتی پرولیتاریا و حزبەکەی مانای ئەوە ناگەیەنیت
کە ئەو چینە خوی بەتەنیا شورش بکات، بەلکو لە هەرقوناغیکدا
ولە کاتو شوینی تایبەتیدا چین و دەستەی کومەلایەتی و لە-
گەل چینی کریکاردا بەشداری شورش ئەکەن. ئیستاش لەم قونا-
غەی شورشی گەلەکەماندا جگە لە کریکاران وجوتیاران بورجوازی
بچوک وبالی چەپی بورجوازی نیشتمانیش ئەبی پیکەوە لە بەرە-
یەکی یەکگرتوی گەلدا لەژیر سەرکردایەتی چینی کریکار و حزبە
پیشرەوە مارکسیە -لینینی یەکەیدا ئەرکەکانی قوناغی شورشی
دیموکراتی گەل بەجی بهینن.

سەبارەت بەوەی کە مافەکانی کورد بەشیکی لەجیاکردنەوە نە-
هاتووی مەسەلەی مافە دیموکراتیەکانی گەلی عیراقە دیموکرا-
سیش بو گەلی عیراق بەبی دامەزراندنی سولتەی ئەو چینە شور-
شگیرانەی کەبەشی هەرە زوری گەل پیک دینن نایەتەدی نابی
هەرگیز بە تەمای ئەوە بین کە نەگەلی کورد و نەهەموو گەلی
عیراق بەمافە دیموکراتیەکان بگەن لە ژیر سایەی سولتەی
دیکتاتوری بورجوازی بیروکراتی سروشت فاشی بەعسدا و ئەبی
هەمیشە نەخشەکانی شورشمان بەپیی ئەم راستیە بیت و هەول

دەبن ئەم شورشە کە شورشی دیموکراتی گەلی عیراقە هەنگاو بە هەنگاو لە سەر ئەم ریبازە کەبچیتە پیشەوە و بەرەو سەرکەوتن بچیت ولەئەنجامدا سولتەی بورجوازی بیروکراتی بەعس برمینر- یت ودامودەزگاکانی تیک وپیک بدریت لەجیی ئەمە سولتەی هاوبەشی چینە شورشگیرەکان بەرابەری چینی کریکار و دامو- دەزگاکانی دەولەتی نویی گەل دامەزرینیت کەلەسایەیدا گەلی عیراق بەدیموکراسی راستەقینەی بگات وگەلی کوردستانیش بە مافی بریاردانی چارەنوسی لەعیراقدا شادبیت وکوردستانی عیراق ببیتە بنکەی شورشی رزگاری گەلی سەرانسەری کوردستان و رزگاربوونی تەواوی لەهەموو جورە چەوسانەوەیەک .

بالای جەماوەری گەلەکەمان ئاشکرابی کەمارکسیزم ـ لینینیزم ریگای رزگاری بو هەموو چەوساوەیەکی دنیا روناک ئە- کاتەوە بەمەرجی چاک تیگەیشتن وگونجاندنی لەگەل باروزروفی تایبەتیدا وپاراستنی لەریفیژنیزم ودوگماتیزم وهەموو جورە شیواندنیکی تر .

بابەفراوانی مارکسیزم ـ لینینیزم دراسە بکەین
و خولقینەرانە جی بە جیی بکەین

ئالای شورش ـ ژمارە ( ١ )
ئەیلولی ـ ١٩٧٧ ـ

کوردستانپۆست

١- ئەم نووسینانەی هاوڕێ ئارام کە لەم نامیلکەیەدا کۆکراونەتەوە، تەنها بەشێکن لەو بەرهەمانەی شەهید کەلە کۆتایی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨/١/٣١دا نووسراونەتەوە وبلاو کراونەتەوە.

٢- ئەگەر لەهەندێ شوێنا، هەندێ رستە و ووشە چاپ نەکراوبن، لەبەر ئەوەیە کە لەمرۆدا چاپکردنیان بە چاک نازانین .

٣- بەهیچ جۆری دەسکاری شێوە و ناوەرۆکی نووسینەکان نەکراوە.

٤- هاوڕێ ئارام دەیان نووسین و ووتاریتری لە رۆژنامەکانی عیراق بلاوکردوتەوە و کۆمەلێ نامە و نووسینی تری بۆهاوڕێیانی نووسیوە بەو هیوایەی بتوانین لە نامیلکەیەکی ترا چاپیان کەین، بۆیە تکا لە هەموو بەڕێزیک دەکەین کەهەر چیەکی هاوڕێی نەمری لا چنک دەکەوی بۆمانی رەوان بکا.

ناوەندی
کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان
- عیراق -
١٩٨٠ / ١ / ٣١



کوردستانپرێس

## ناوەرۆك 74


١- پیشەكی .......................... ١ - ١٢

٢- بزوتنەوە چەكدارەكەی پیشو سەرەنجامی بەئاشبەتال ... ١٣ - ٢٧

٣- پەیرەوی ناوخوی دەستەچەكدارەكان .................. ٢٨ - ٣٣

٤- باری ئیستای كوردستان ......................... ٣٤ - ٤٦

٥- بەیاننامەی یەكیتیی نیشتمانیی كوردستان .......... ٤٧ - ٥١

٦- ئەركەكانمان لەم پلەیەی خەباتدا .................. ٥٢ - ٥٩

٧- شورشی كوردستان سەركەوتوانە سالیك لە
تەمەنی تەواو ئەكات .............................. ٦٠ - ٦٣

٨- خدبانی ئالای شورش ............................ ٦٤ - ٦٨

٩- لینین دەولەت و شورش ........................... ٦٩ - ٧٢


كوردستانپۆست

دەبا فاشیەکان بزانن

وا ئێستاکە..

لە کوردستانی ئاراما

لە کوردستانی قەتماغەو کێڵگەی زاما

هەردەوەنەوە بۆ تاشەبەردی چیایە

سەنگەرێکەوە،

قوتابخانەی دروست بوونی ئارامێکی

تری تیایە

کانونی دووەم ١٩٨٠

نوسینگەی راگەیاندن

چاپخانەی کۆشەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ

کوردستانپۆست